Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.SpB.9

# ئاڵنگارییەکانی بەشداریی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عێراقدا

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Hazha Kosrat Majeed
hazha.majeed@su.edu.krd

**هاژە کۆسرەت مجید/** بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**بارزان جوهر صادق/** بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

RECEIVED :09 /12/2025
ACCEPTED :21/09/ 2025
PUBLISHED :15/04/ 2026

**وشە سەرەکییەکان:**
بەشداریی،
هەڵبژاردن،
هەرێمی کوردستان،
ئاڵنگارییەکانی بەشداریی هاوڵاتییان،
ئابوری رانتی

**پوختە**

بەشداریکردنی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردن بە یەکێک لە ڕایەڵە گرنگەکانی گەشەپێدانی بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی دادەنرێ لە سەرجەم وڵاتاندا، هاوکات مەرجێکی سەرەکی پرۆسەی بە دیموکراتیزەکردنی ئەم وڵاتانەیە، لە ئێستادا ئاستی بەشداریکردنی هاوڵاتییان لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا و تەنانەت لە وڵاتە دیموکراسی و پیشەسازییەکانیش ڕووی لە کەمی کردووە، لە هەرێمی کوردستانیش بەشداریکردنی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری جۆراوجۆر دەبێتەوە، لەبەر ئەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە هەوڵی دۆزینەوەی سەرەکیترین ئاڵنگارییەکانی کەمبوونەوەی بەشداریی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عێراق دەدات. بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی گرنگی بابەتەکەمان و شیکردنەوەی ئەو بەشانەی کە توێژینەوەکە ئامانجی بووە، چەند پرسیارێکمان دەستنیشانکردووە، وەک: ئایا گرنگترین ئەو ئاڵنگارییانە چین کە ڕێگرن لەبەردەم بەشدارییەکی کارا و فراوانی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عێراق و کاریگەرییەکانی ئەم ئاڵنگارییانە چین؟ کەم و کوڕییەکانی تۆماری دەنگدەران، و سەختی گەیشتن بە بنکەکانی دەنگدان چ کاریگەرییەکیان لەسەر بەشداریی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان هەیە؟ متمانە نەکردن بە پرۆسەی سیاسی و لایەنە سیاسییەکان چ ڕۆڵێک دەبینێت لە کەمکردنەوەی بەشداریی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکاندا؟بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکان توێژینەوەکە سوودمان لە "ڕێبازەکانی وەسفی و هەروەها شیکاری سیستەم مان بینیوە بۆ تێگەیشتنێکی قوڵتر لەو ئاڵنگارییە ئاڵۆزانەی کە کاریگەرییان لەسەر بەشداریکردن هەیە.

لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا، ئەو دەرئەنجامانەمان دەستنیشانکردووە کە لە میانەی توێژینەوەکەماندا پێی گەیشتووین، وەک:١- کێشە ئابوورییە قووڵەکان و لاسەنگییە جۆراوجۆرەکانی بونیادی ئابوری کە لە چەندین دەیەی ڕابردووەوە کەڵەکەبوونە بەتایبەتی لاوازی سێکتەرە نانەوتییەکان لە بەرهەمهێنان و دروستکردنی داهات و لەخۆگرتنی دەستی کار، لەو هۆکارە سەرەکیانەن کە بوونەتە هۆی ئەوەی ئابوری هەرێم بە بەردەوامی لە بەردەم هەڕەشەی قەیران و کێشەی گەورەدا بێت و ئەمەش کاریگەری کردۆتە سەر دابەزینی ڕێژەی بەشداری هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان.٢- نەبوونی هۆشیاری بەرامبەر پرەنسیپە سەرەکییەکانی سیستەمی دیموکراسی لە نێویشیاندا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی هەر چوار ساڵ جارێک لە کاتی خۆی، ئاڵنگارییەکی دیکەیە لەبەردەم کەمبوونەوەی بەشداریی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان.٣- ڕاگەیاندن و میدیای کوردستانی نەیتوانیوە جۆرێک لە زانیاری و مەعریفە ببەخشێت بە هاوڵاتییان سەبارەت بە ئەرک و مافەکانیان.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1. پێشەکی

بەشداریکردن لە هەڵبژاردن بەرهەمی سەرەکی بەرجەستەکردنی چەمکی هاوڵاتیبوونە، بەڵام ئەمە تەنیا دیوێکی چەمکی بەشداریکردنە ، کاتێک بزانین دیوەکەی تر پەیوەستە بە چەمکێکی ترەوە ئەویش چەمکی دیموکراسییە، لەبەر ئەوەی دیموکراسی لەسەر بنەمای (فەرمانڕەوایی گەل، لە ڕێگای گەلەوە و لە پێناو گەلدا) دەکرێت تەنیا ئەوکاتە واتای تەواوی خۆی وەربگرێت، کە هاوڵاتییان بەشداری بکەن لە هەڵبژاردنی فەرمانڕەواکان ( بە دەنگدان و خۆپاڵاوتن)، هەروەها بەشدارییەکی چالاکانەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆش بکەن لە پرۆسەی دروستکردنی سیاسەت و بڕیارە حکومییەکان و چاودێریکردنی چۆنییەتی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەت و بڕیارانەش بە: ( گرتنە دەستی پۆستەکان و ڕادەربڕین و دروستکردنی پارت و کۆمەڵە و گروپەکانی فشار)، کەواتە چەمکی (بەشداری) ناوەندی گواستنەوەی چەمکی (هاوڵاتیبوون)ە وەک کۆمەڵێک بنەمای تیۆری بۆ چەمکی (دیموکراسی) وەک کۆمەڵێک ئامرازی کرداری. ئەمەش هەم بەو دیوەدا کە بەشداریکردن ئامرازی هاوڵاتییانە بۆ هەڵبژاردنی کاراکتەرەکانی فەرمانڕەواییکردن (پەرلەمان و حکومەت) لە سیستەمێکی دیموکراسیدا، هەم بەو دیوەشدا کە بەشداریکردن ئامرازی ئامادەبوونی دیموکراسییانەی هاوڵاتییانە لە دروستکردن و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی بڕیارە حکومییەکاندا. ئاڵنگارییەکانی بەشداریی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عێراق پەیوەستن بە بژێوی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە و دواتریش کێشەی چەقبەستوویی گەشەپێدانی سیاسی کە تا دێت ڕێژەی بەشداری دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکاندا کەم دەبێتەوە، ئەمەش بەرهەمی ئەو ژینگەیەیە کە لە کۆمەڵگای کوردستانی خولقاوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە چەندین ئاڵنگاری هەمەجۆری ناوخۆیی.

### 1-1گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەوڵی دۆزینەوەی گرنگترین ئاڵنگارییە سەرەکیەکانی کەمبوونەوەی بەشداریی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عێراق دەدات و بۆ ئەم مەبەستە سوودی لە چەندان سەرچاوەی زانستی جۆراوجۆر وەرگرتووە، بە تایبەت بیانی سەبارەت بە بابەتی بەشداریی لە سیستەمە دیموکراسییەکان بۆ بەرچاو ڕوونی کارکردن و خزمەتکردن بە پرسێکی وا سەرەکی لە هەرێم، لەگەڵ ئەوەشدا توێژەران داتای چەند توێژینەوەیەکی ناوخۆییان وەرگرتووە بەمەبەستی بەڵگەهێناوە بۆ ئەو ئاڵنگارییە جۆراوجۆرانەی کە دێتە بەردەم بەشداریی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان.

### 1-2 ئامانجەکانی توێژینەوە

**ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:**

1- جیاوازی لە نێوان گۆڕاوە سەربەخۆکانی توێژینەوەکە لەگەڵ گۆڕاوە وابەستەکان.

2- خستنەڕووی ئاڵنگارییەکانی بەشداریی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عێراق کوردستان.

3- دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان ئاڵنگارییە جۆراوجۆرەکان و پرسی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عێراق.

### 1-3 پرسیارەکانی توێژینەوە

گرنگترین ئەو ئاڵنگارییانە چین کە ڕێگرن لەبەردەم بەشدارییەکی کارا و فراوانی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عێراق و کاریگەرییەکانی ئەم ئاڵنگارییانە چین؟ جگە لەم پرسیارە سەرەکییەی سەرەوە، توێژینەوەکە بەدوای وەڵامی چەند پرسیارێکی لاوەکیش سەبارەت بەم پرسە دەگەڕێت وەک:

1- کەم و کوڕییەکانی تۆماری دەنگدەران، و سەختی گەیشتن بە بنکەکانی دەنگدان چ کاریگەرییەکیان لەسەر بەشداریی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان هەیە؟

2- متمانە نەکردن بە پرۆسەی سیاسی و لایەنە سیاسییەکان چ رۆڵێک دەبینێت لە کەمکردنەوەی بەشداریی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکاندا؟

3- بارودۆخی ئابوری سەخت هەروەک بێکاری و هەژاری، چۆن کاریگەری دروست دەکەن لەسەر ئیرادەی هاوڵاتییان بۆ بەشداریی کارا لە هەڵبژاردنەکاندا ؟

**4-1میتۆدی توێژینەوە**

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە زیاتر لە ڕێبازێکمان بەکارهێناوە، پشتمان بە ڕێبازی وەسفی بەستووە، بۆ تێگەیشتنێکی قوڵتر لەو ئاڵنگارییانەی کە کاریگەرییان لەسەر بەشداریکردنی هاوڵاتییان هەیە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، هەروەها سوودمان لە "ڕێبازی شیکاری سیستەم" مان بینیوە، بۆ دەستنیشانکردنی پەیوەندی نێوان ئاڵنگارییە جۆربەجۆرەکان و لێکەوتەکانیان لەسەر ڕێژەی بەشداریکردن.

**1-5 گریمانەی توێژینەوە**

لە ئەنجامی خستنەڕووی پرسیارەکانی توێژینەوەکە، گریمانەی سەرەکیمان بریتیە لە: لەگەڵ ئەوەی لە هەرێمی کوردستان هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەنجام دەدرێت، بەڵام هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردن ئاستی بەشداریکردنی هاوڵاتییان نزم دەبێتەوە، کە ئەمەش بە شێوەیەکی بەرچاو پەیوەستە بە کۆمەڵێک ئاڵنگاریی تەکنیکی و مرۆیی و سیاسی و ئابوری و هەروەها هۆشیاری، کە متمانەی گشتی بە پرۆسەی هەڵبژاردن کەم دەکاتەوە و بێهیوایی لە کاریگەری دەنگی هاوڵاتییان دروست دەکات.

**1-6 درزاینی توێژینەوە**

توێژینەوەکە پێکهاتووە لە دەروازەیەکی تیۆری دەربارەی ئەو ئاڵنگارییانەی کە ڕووبەڕووی بەشداریی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عێراق دەبنەوە، بەشێوەیەک کە بەشی یەکەمی توێژینەوەکە تایبەتکراوە بە پێشەکی و پلانی توێژینەوەکە و بەشی دووەمیش تێفکرینێکی قوڵمان کردووە بە گرفتە تەکنیکی و مرۆییەکان، لە بەشی سێیەممان پرژاینە سەر باسکردنی ئاڵنگارییە ئابوری و سیاسییەکان، بەشی چوارەمی توێژینەوەکەشمان تەرخانکردووە بۆ باسکردنی ئاڵنگارییە کۆمەڵایەتی و هۆشیارییەکان، بەشی پێنجەم و کۆتایشمان بۆ تاوتوێکردنی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە تەرخانکردووە.

**2 - ئاڵنگارییە تەکنیکی، مرۆییەکانی بەشداریکردنی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عێراق**

**2-1 ئاڵنگارییە تەکنیکی و کارگێرییەکان**

هەڵبژاردن ڕێوشوێنی تەکنیکی و کارگێڕی جۆراوجۆری هەیە کە پێویستی بە چەندین پلان و دامەزراوەی پسپۆر هەیە تاوەکو پرۆسەکە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە بەڕێوە بچێت، و ئەم ئاڵنگارییە کاریگەری لەسەر ڕێژەی بەشداریی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عێراق هەیە، بەمشێوەیە:

**2-1-1 تۆماری دەنگدەران**

"تۆماری دەنگدەران بریتیە لە تۆمارێک کە ناوی دەنگدەرانی بەشداربوو لە خولێکی دیاریکراوی پرۆسەی هەڵبژاردن، یاخود ڕاپرسی لە خۆدەگرێت واتە ئەوانەی کە مەرجەکانی بوون بە دەنگدەریان تێدایەو تۆمارەکە دروست دەکرێت بە پشت بەستن بە ڕێکارێک کە بەپێی یاسا (برادۆستی، ٢٠٢١، ل١٤). و ڕێنمایییە پەیوەندیدارەکان دیاریکراوە (بڕوانە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، ٢٠١٤، مادده ٤).

لە عێراق لە سەرەتادا پشت بە داتاکانی وەزارەتی بازرگانی (پسوڵەی خۆراک)ی حکومەتی فیدراڵی دەبەسترا بۆ ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٥) واتە هەڵبژاردنی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە هاوکات بوو لەگەڵ هەردوو هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان تاکو هەڵبژاردنەکانی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەمشێوە کلاسیکییە تۆماری دەنگدەران دروستدەکرا، بەڵام لەو کاتەوە بۆ دوو هەڵبژاردنە دواییەکەی ئەنجومەنی نوێنەران پشت بە تۆماری بایۆمەتری بەسترا لە هەرێمی

کوردستان کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کە تاکە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان-عێراقی کە لە (٢٠١٨) ئەنجامدرا بەڕێوەبرد، بۆ ئەم مەبەستە پشتی بە داتاکانی وەزارەتی بازرگانی (پسولەی خۆراک) حکومەتی هەرێم بەست، مەبەست لەو پرۆسەیە ئەوەیە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن داتاکانی پسولەی خۆراک وەردەگرێت و دەیکاتە بناغەیەک بۆ دروستکردنی تۆماری دەنگدەران (برادۆستی، ٢٠٢١، ل.ل.١٤-١٥). بە بڕوای توێژەریش هۆکاری پشت بەستنی حکومەتی هەرێم بە زانیارییەکانی ناو پسولەی خۆراکی هاوڵاتیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامنەدانی پرۆسەی سەرژمێری گشتیی دانیشتوان و نەبوونی زانیارییەکی ئەوتۆ دەربارەی ڕێژەی ئەو دەنگدەرانەی کە گەیشتوونەتە تەمەنی یاسایی دەنگدان .

لەگەڵ ئەوەشدا سەرباری هەبوونی یاسا بۆ بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بەڵام دەبینی کۆمەڵێک ئاڵنگاری هەیە یەکێ لەو ئاڵنگارییانە ئەوەیە کە دەشێت ئەم لیستە پاک نەکرابێتەوە و ناوی چەندین بارەی تێدابێت (ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان، ٢٠١٨/١/٧)، و یان بەشێوەیەکی نایاسایی ناویان بۆ زیاد کردبێت یان دەگونجێت ئەوانەی کە مردوون ناویان لە لیستی تۆماری دەنگدەران ڕەشنەکرابێتەوە (کەریم،٢٠١٩، ل.ل ٣٧-٣٨).

### 2-1-2 کێشەی دزاینکردنی بازنەکان

لەدەرئەنجامی پەنابردنە بەر سیستەمی ڕێژەیی و پشتکردن لە سیستەمی ناڕێژەیی بۆ گۆرینی دەنگەکان بۆ کورسی نوێنەرایەتی ڕەنگە چەند کێشەیەک سەرهەڵبدات، کە ئەوانیش دوو کێشەی سەرەکین: ئامادەباشی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو گواستنەوەیە و کێشەی دووبارە کێشانەوەی سنوورەکان کە ڕەنگە (جێریماندەرین-Gerrymandering) دیزاینکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن بۆ بەرژەوەندی پارتێکی سیاسیی دیاریکراو بهێنێتە کایەوە.

یەکێک لە سەرەکیترین ئەو ئاڵنگارییانەی کە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە ئەگەری سیستەمی ناڕێژەییدا لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەیە کە ئایا تا چەند پارتە سیاسییەکان ئامادەییان تێدایە کە ئەو سیستەمە ڕێژەییەی کە چەندان هەڵبژاردنیان پێئەنجامداوە دەستیلێهەڵگرن و پەنا بۆ سیستەمی ناڕێژەیی ببەن، جا ئەو سیستەمە زۆرینەی سادە بێت یان زۆرینەی ڕەها؟ چونکە هەروەک لە پێشووتر ئاماژەمان پێدا کۆی دەنگی پارتە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان کۆکراوەتەوە، دواتر کورسییەکان شێوەیەکی ڕێژەیی بەسەر پارتەکاندا دابەشکراون، کە ئەمەش ڕەنگە وا بکات کە پارتە سیاسییەکان نەیانەوێت ئەو شێوازە ڕێژەییە بگۆڕن، تەنانەت ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە پارتە سیاسییەکان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە سیستەمی هەڵبژاردن لە ڕێژەییەوە بگۆڕن بۆ ناڕێژەیی، ئەوا ئەم دابەشبوونە جوگرافییەی دەنگدەرانی پارتەکان گرفتێکی سەرەکی دروستدەکان کە ئەویش چۆنیەتی دزاینکردنەوەی بازنەکانی هەڵبژاردنە، هەستیاری ئەم دزاینکردنەوەیەش لەوەدایە کە ئەگەر بە کۆمەڵێک پێوەری ڕوون نەبێت ناکرێت سنووری بازنەکان دیارییکرێت، کە ئەمەش گرفتە سەرەکییەکەیە کە بە جێریماندەرین (Gerrymandering) ناسراوە (مصطفى، ٢٠٢٠، ل٢٠٢). سیستەمی یەک بازنەیی کە بۆماوەی پێنج خول کاری پێکرا واتە هەر لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان "١٩٩٢" تا هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان "٢٠١٨"، بەرمەبنای دۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان کە فرە پارت و فرە پێکهاتەیە چونکە بەم شێوەیە هەم پێکهاتەکان زامنی کورسی پەرلەمانیان دەکرد و و هەمیش پارتە سیاسییەکان (رسول، ٢٠٢٢، ل٣٣)، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان "٢٠٢٤" سیستەمی فرە بازنەیی "چواربازنە" ی هەڵبژاردن پەیڕەوکرا دوا بەدوای بڕیاردان لەسەر نادەستووریبونی ماددەی "نۆیەم" لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی عێراق ژمارە "١" یساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو (سەرهەنگ بەرزنجی، ٢٠٢٥، ل٦٧)، ئامانجی ئەم گۆڕانکارییە ڕێگریکردن بوو لە دروستبوونی پارتی سیاسیی بێ کاریگەر لەناو پەرلەمان و دروستبوونی تاک لایەنی لە هاوکێشەی دەسەڵات، لەگەڵ ئەوەشدا نیگەرانی هەیە سەبارەت بە کاریگەرییەکانی ئەم سیستەمە نوێیە، کە دەکرێت ببێتە هۆی کەمبوونەوەی بەشداریی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکان، یەکێک لە مەترسییە سەرەکییەکانی سیستەمی فرە بازنەیی، دیزاینکردنی بازنەکانە بۆ بەرژەوەندی پارتێکی سیاسیی دیاریکراو، بە تایبەت کاتێک هاونیشتمانیان هەست بکەن کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان پێشوەختە بە هۆی دیزاینی

بازنەکانەوە یەکلایی بووەتەوە بەمەش ئارەزوویان بۆ بەشــداریکردن لە دەنگداندا کەم دەبێتەوە یاخود کاتێ دەنگدەران لە برِی ئەوەی هەســت بکەن دەنگەکانیان کاریگەری هەیە، هەســت بە بێهیوابوون دەکەن و پێیان وایە کە دەنگەکانیان هیچ شــتێک ناگۆڕێت، ئەمەش وایان لێدەکات نەچنە ســەر ســندوقەکانی دەنگدان. هاوکات دیزاینکردنی بازنەکان بە شــێوەیەکی نادادپەروەرانە دەتوانێت ڕێگری بکات لە ســەرکەوتنی هێزە نوێیەکان، کاندیدە ســەربەخۆکان، یان پارتە بچووکەکان، تەنانەت ئەگەر پشتیوانییەکی بەرچاوی جەماوەری هەبێت لە ئاستێکی گشتیدا، ئەمەش یارمەتی پاراستنی ستاتیکۆی سیاسیی دەدات و ڕێگا لە گۆڕانکاریی ڕیشەیی دەگرێت (کەریم و جەمیل، ٢٠٢٤).

### 2-1-3 ئەنجامنەدانی سەرژمێری گشتی

بەهۆی هەڵومەرجی نائاسایی ساڵانی شۆڕشەوە، سەرژمێرییەکی دروست و تەواوی دانیشتوانی کوردستان لەبەردەستدانەبوو، ئەنجامدانی سەرژمێریکردنی تازەش بەشێوەیەکی خێرا کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە توانایەکی تەکنیکی و دارایی زۆری پێویست بوو، لەبەرئەوە نەدەتوانرا ناسنامە و کارتی دەنگدان بە ڕێکوپێکی بۆ هەموو ئەوانەی کە مافی دەنگدانیان هەبوو ئامادە بکرێت (ڕەئوف، ٢٠١٨، ل٩٠)، هەر بۆیە ئەم ئاڵنگارییە گەورەترین ئاڵنگاری بەردەم هەموو هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بووە، بە واتایەکی تر ئەو لایەنەی کۆنترۆڵی دامەزراوەی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن کردووە، تۆماری دەنگدەرانی لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی دوو پارتە زلهێزەکە دامەزراندووە نەک لەسەر بنەمای سەرژمێری گشتی، ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا هەموو پارت و لایەنە سیاسییەکان داوای پاککردنەوەی تۆماری دەنگدەران دەکەن و کەچی هیچ دەسەڵاتدارێکیش بە کرداری دژایەتی خۆی بۆ ئەو مەبەستە ڕانەگەیاندووە (حەکیم، ٢٠٢٢، ل٤٣)

لەم سۆنگەیەش دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆری ئەو گرفت و ئاڵنگارییەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا ئاڵنگاری تەکنیکی و کارگێری بوون لە پرۆســەی هەڵبژاردن، بەڵکو کار و بەرنامەیەک بووە، کە پێشــتر دیزاینی بۆ کێشــراوە، بەمەبەستی بەدەســتهێنانی زۆرترین دەنگ بە شــێوەیەکی نادروســت و نایاســایی، بە دەســتەوایەژەیەکی تر، ئەو واقیعەی کە پێش هەڵبژاردنەکان هەیە دوای هەڵبژاردن دەبن بە ئەمری واقیع ســەبارەت بە ڕێژەی کورســییە بەدەســتهاتووەکانی هەر پارتێکی ســیاســی بە تایبەتی دوو پارتە دەســەڵاتدارەکەی هەرێم، کەواتە نەبوونی زانیارییەکی دروست ســەبارەت بە ڕێژەی دەنگدەران و مافنەدان بە بەشداریکردنی ژمارەیەکی زیاتری هاونیشتمانیان لە پرۆسەی هەڵبژاردن یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی نەمانی متمانە بووە بە پرۆســـەی هەڵبژاردن و هەروەها بە ئاڵنگارییەکی تر دادەنرێت لەبەردەم کەمبوونەوەی بەشداریی هاوڵاتییان.

### 2-1-4 دابەشکردنی بنکە و وێستگەکانی دەنگدان

دەگونجێت کۆمســیۆن بەهۆی ڕەچاونەکردنی پێوەرەکانی دابەشــکردنی بنکە و وێســتگەکانی دەنگدان لە نێوان بازنە یان ناوچەکانی هەڵبژاردن بیەوێت کار لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بکات (ڕەئوف، ٢٠١٨، ل.ل.٩٠-٩١) . بێگومان لەو بنکە و وێســـتگانەی کە ژمارەیان کەمە جگە لەوەی دەنگدەر دەبێت ڕێگەیەکی دوور ببڕێت، کە ئەمەش وا دەکات قەرەباڵغییەکی زۆر لەســـەر بنکە و وێســـتگەکانی دەنگدان دروســـت ببێت، بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردســتان لە کاتی چواری پاشــنیوەڕۆ بنکە هەبووە کەمتر لە ١٠ دەنگدەری لێ بووە، بەڵام لە سلێمانی لە کاتژمێر شـــەشـــی ئێوارە ســـەرەی دوور و درێژ نەماوە، لە هەندێک بنکە لە پارێزگا گەورەکانی هەرێم دەنگدەر (٥) کاتژمێر چاوەڕێ بووە تا توانیویەتی دەنگ بدات، لە هەندێک بنکەی تر ســـەدان دەنگدەر تا نیوەی شـــەو داخســـتنی بنکەکانی دەنگدان لە ڕیزدا بوون و نەیان توانیوە دەنگ بدەن (المجموعة القانونية الدولية لحقوق الانســـان، انتخابات بلا حدود تقرير حول انتخابات مايس ١٩٩٢ في كوردســتان العراق، ١٩٩٩، ص.ص ٧٠-٧١) . کە ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر نەمانی متمانە بە پاک و بێگەردی پرۆسەی هەڵبژاردن و هەروەها کەمبوونەوەی ڕێژەی بەشداریی هاوڵاتییان لە دەنگدان و پرۆسەکە.

### 2-1-5 هەڵەی سیستەمی هەڵبژاردنی ئەلیکترۆنی

پێنج خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان-عێراق بە شێوازی کلاسیکی (دەنگدان بە پەڕە و سندوق) ئەنجامدراون، لە عێراق لە ڕێکەوتی (٢٠١٨/٥/١٢) بۆ هەڵبژارنی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژاردنی نیمچە ئەلیکترۆنی بەڕێوەچوو، بۆیە دەڵێن نیمچە ئەلیکترۆنی چونکە تەنها پشت بە ئامێرەکانی "ناسینەوە[1]" و "پیکۆس[2]" و "RTS[3]" هەژمێرکردن و لێکجیاکردنەوەی دەنگەکان دەبەسترا، کەچی وەرگرتنی کارتی دەنگدان و ئاماژەکردن لەسەر پسولەی دەنگدان و خستنە نێو ئامێری "پیکۆس" بەشێوەی نەریتی بوو (برادۆستی، ٢٠٢١، ل٧٣)، هەروەها لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان پشت بەسترا بە سیستەمی هەڵبژاردنی نیمچە ئەلیکترۆنی کە بریتیبوو لە تێکەڵەیەک لە ئامێری سکانکردنی ئۆپتیکاڵ و ئامێری ناسینەوەی دەنگدەر (عومەر، ٢٠٢٤) بەمەبەستی خێراکردنی پرۆسەی ژماردن و کەمکردنەوەی ساختەکاری، ئەگەرچی کێشەی ژێرخانی تەکنەلۆژی وەک (نەخوێندنەوەی پەنجە مۆری دەنگدەران، بەکارهێنانی جۆرێکی تایبەت لە مەرەکەب و وەرەقە، کە دەکرێت جۆرێکی تایبەت لە مەرەکەب وبەکاربهێندرێت بۆ دەنگدان کە توانای سڕینەوەی هەبێت و ئەم مەرەکەبە بە (ئیرایسبەل ئینک) سندوقی دەنگدان دەتوانێت دەنگی دەنگدەر بسڕێتەوە و دەنگبدات بە لایەن و کەسێکی ترو گۆڕینی دەنگەکان لەکاتی یان دوای گواستنەوەی دەنگەکان بۆ سەنتەری کۆکردنەوەی داتاکان، چونکە لەم جۆرە سیستەمی دەنگدانانەدا ئەنجامەکان لە ئامێرەکانی ناوەندەکانی دەنگدانەوە بە وایەرلێس دەنێردرێت بۆ سیستەمی ناوەندی، لێرەدا هاککەرەکان یان تەنانەت خاوەنی فەرمی سیستەمەکە دەتوانێت بەمەبەست گۆڕانکاری لە داتاکان بکەن و ئەنجامی کۆتایی بەشێوەیەکی تر بخاتە ڕوو، بوونی هەڵە لە سۆفتوێر و یان هاردوێرەکاندا ئەمەش واتە دەکرێت بەبێ مەبەست پرۆگرامەرەکان هەڵە ئەنجام بدەن و سۆفتوێرەکە بەشێوەیەکی هەڵە ژماردن بۆ دەنگەکان بکات، بۆ نموونە کۆمەڵێک دەنگ بە سووتاو هەژمار بکات یان کۆمەڵێک دەنگ هەژمارنەکات بۆلایەنێک (مستەفا، ٢٠٢٤). و یاخود دەتوانێت ببێتە هۆی لە دەستچوونی دەنگ یان تێکچوونی دەرئەنجامەکان، بۆ وێنە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق کە لە ڕێکەوتی (١٦ ی کانونی یەکەمی ٢٠٢٣) ئەنجامدرا هاوکات لە میانەی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدانی تایبەت، بەهۆی کێشە تەکنیکیەکانی ئامێرەکانی دەنگدان لە سنووری کەمپەکانی خازر و حەسەن شام، زیاتر لە (٥٠٠) ئاوارە بێبەش بوون لە مافی دەنگدان و نەیانتوانی دەنگی خۆیان بدەن، هەروەها لە بنکەی ئەحمەدی خانی لە شاری هەولێر بە هۆی ئەوەی ئامێرەکانی دەنگدان پەنجەمۆری زیاتر لە (٥٠) پێشمەرگەی نەخوێندەوە و سەرباری ئەوەی کارتی بایۆمەتری دەنگدانیشیان هەبوو، هەموویان بێبەش بوون لە دەنگدان (ڕاپۆرتی دامەزراوەی کوردستان 24 بۆ توێژینەوە و ڕاگەیاندن، ٢٠٢٣) ئەمەش ئاڵنگارییەکی ترە لەبەردەم کەمبوونەوەی ڕێژەی بەشداری ئەو هاونیشتمانیانەی کە مافی دەنگدانیان هەیە لە پرۆسەی هەڵبژاردن.

### (2-1-6) نەناردنی پێداویستی دەنگدان بۆ بنکە و وێستگەکانی دەنگدان

دەشێت کۆمسیۆن کاریگەری هەبێت، هەروەک نەناردنی پێداویستی دەنگدان بۆ بنکە و وێستگەکانی دەنگدان بەپێی پێویست وەک کارتی دەنگدان و سندوقی دەنگدان و مەرەکەبی دەنگدان، لەسەرەتادا وا بڕیاربوو مەرەکەبێک لە

---

[1] ئامێری ناسینەوەی دەنگدەر (VVD): ئەم ئامێرە تایبەتە بە پشتڕاستکردنەوەی ناسنامەی دەنگدەران، ئەمەش دڵنیایی دەدات کە تەنها ئەو کەسانەی کە گەیشتوونەتە تەمەنی دەنگدان بەشداری هەڵبژاردن دەکەن. بۆ زیاتر بڕوانە: عومەر، ٢٠٢٤)

[2] ئامێری سکانکردنی ئۆپتیکاڵ (PCOS): لێرەدا دەنگدەران بەشێوەیەکی دەستی دەنگەکانیان لەسەر فۆرمێک دیاریدەکەن، دواتر ئەم دەنگانە دەخرێنە ناو ئامێری سکانکردنەوە و دەژمێردرێن، ئەمەش تۆمارێکی فیزیکی هەر دەنگێک مسۆگەر دەکات، لە هەمان کاتدا ژماردنی دەنگەکان خێراتر وووردتر دەکات. بڕوانە: (Antonyan, 2009, pp. 597-610)

[3] ئامێری گواستنەوەی دەرئەنجامەکان(RTS): دوای تەواوبوونی پرۆسەی دەنگدان، ئامێری گواستنەوەی ئەنجامەکان، کە ئامێرێکە بۆ ناردنی ئەنجامی بنکەکانی دەنگدان دوای تەواوبوونی پرۆسەی ژماردن و ڕیزکردنی ئەلیکترۆنی، ئەنجامی وێستگەکان بەشێوەی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی کێبلەوە دەنێردرێت بۆ ئامێری گواستنەوە، دواتریش ئامێری گواستنەوە لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە داتاکانی بۆ سەنتەری نیشتمانی دەنێرێت بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوە و خشتەکردن و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان. بڕوانە: (Saeed and others, 2022, pp.737-745)
)

ئەڵمانیاوە دروستبکرێت و بگەیەنرێتە کوردستان، دواتر دەستەی باڵای سەرپەرشتیکردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بە بەیانی ژمارە (١١٠) لە ڕێکەوتی (١٩٩٢/٥/١٦) بڕیاریدا بە دواخستنی هەڵبژاردن لە (١٩٩٢/٥/١٧) ەوە بۆ (١٩٩٢/٥/١٩) تا پێداویستە گرنگەکانی هەڵبژاردن ئامادە دەکرێن، بەڵام هەر لە ڕۆژی (٥/١٦) ەوە لێژنەی باڵا ڕایگەیاند کە هەڵبژاردنەکان بۆ ماوەی دوو ڕۆژ دوادەخرێت بەهۆی خراپی جۆر و کوالێتی مەرەکەبی دەنگدان، دیاربوو مەرەکەبەک وادەی خۆی تێپەڕاندبوو یان هەر لە بنەماوە بێکەڵک بوو ئەگەرنا هیچ پەیوەندییەکی بە دەستوەردانی نەیاران و پارتە ناوخۆییەکانی هەرێم نەبوو، چونکە ئەو ڕاستییە لەلایەن پۆلیسی هەرێمی ویستڤالیان راینی سەروو لەلایەن رۆژنامەنووسی ئەڵمانی (هانزکیمپمان) لە ١٤ ی مایسدا لە ڕاپۆرتێکدا کە بۆ گۆڤاری (دیرشپیگەل) ی ئامادە کرد بوو سەبارەت بەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە (٣/١١) ەوە دەربارەی بێکەڵکی مەرەکەبەکە لەگەڵ حکومەتی ناوبراودا قسەی کردووە، دواتر لێژنەی سەرپەشتیاری هەڵبژاردن ناچاربوو لەگەڵ پسپۆرانی زانستی کیمیای زانکۆی سەلاحەددین قسە بکات سەبارەت بە ئامادەکردنی مەرەکەبێکی تر و ئەمیش هەرچەندە لەوەی پێشووتر باشتر بوو، بەڵام دەبوایە بەردەوام ڕابوەشێنرایە ئەگەرنا بە پەنجەی دەنگدەرانەوە نەدەمایەوە بە ئاسانی دەتوانرا بە فاس و تێزاب لێبکرێتەوە، لە ڕاستیدا ئەو مەرەکەبە بووە هۆی ئەوەی چەندین دەنگدەر لە هەموو ناوچەکانی هەڵبژاردن چەندین بارە دەنگ بدەن و پێشێلی پرەنسیپەکانی هەڵبژاردن بکەن (فەرەج، ٢٠١٠، ل ١٦٥) ئەویش بووە هۆی لە دەستدانی بنەمای هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەردو کەمبوونەوەی بەشداری هاونیشتمانیان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو.

لە ئەنجامی توێژینەوەیەکی مەیدانیدا دەرکەوتووە کە ڕێژەی ٢٣.٢٪ ی بەشداربووان بە هۆکاری تەکنیکی نەیانتوانیوە بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بکەن (شریف و محمد، ٢٠٢٤، ل.ل ٢٠٤-٢٠٦)، ئەم هۆکارانەش بریتین لە نەبوونی ئاسانکاری لە وەرگرتنەوەی کارتی بایۆمەتری دەنگدان، دووری یان نزیکی بنکەکانی دەنگدان...هتد.

هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، لە یەکەم خولییەوە کە بە شێوازێکی کلاسیکی بەڕێوەچوو، تا دەگاتە خولی شەشەم کە بە شێوەیەکی نیمچە ئەلیکترۆنی ئەنجامدرا، ڕووبەڕووی چەندین کێشەی تەکنیکی بووەتەوە. ئەم گرفتانە بێگومان، هەرچەندە بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت، کاریگەرییان لەسەر کەمبوونەوەی ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا هەبووە و وەک یەکێک لە ئاڵنگارییە دەژمێردرێت.

### 2-2 ئاڵنگارییە مرۆییەکان و ڕەفتاری سیاسی دەنگدەر

تێڕوانین لە پرۆسەی هەڵبژاردن و کەمبوونەوەی دەنگدانی هاوڵاتیان، هەڵبژاردن لە دوای هەڵبژاردن پێویستی بە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی چڕ هەیە کە تیایدا سیما و ڕەفتاری تاکی کورد لە بەرامبەر پرۆسەکە دیاریبکات، بۆ ئەم مەبەستە و تێگەیشتنی زیاتر لە ڕەفتاری هەڵبژاردن و دەنگدەر، پێویستە سەرەتا پێناسەی ڕەفتاری دەنگدان بکەین کە بەشێوەیەکی گشتی بەشێکە لە چوارچێوەیەکی فراوانتر کە پێی دەگوترێت ڕەفتاری سیاسی تاک و ئاماژەیە بۆ هەموو چالاکییە کردارییەکانی لایەنە کۆمەڵایەتییەکان کە پەیوەندییان بە بەشداری سیاسییەوە هەیە و لە هەمان کاتدا کاریگەرییان لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا هەیە (ئەحمەد،٢٠٢١ أ). بەشێوەیەکی گشتی بۆ خوێندنەوەی ڕەفتاری دەنگدەران، دەتوانین لە ڕوانگەی شیکردنەوەی سێ تیۆری سەرەکی (تیۆری سایکۆلۆژی و تیۆری سایکۆسۆسیۆلۆژی و هەروەها تیۆری ئابوری بۆ سیاسەت) خوێندنەوە بۆ ڕەفتاری دەنگدەران لەهەرێمی کوردستان بکەین:

#### 2-2-1 تیۆری سایکۆلۆژی

ئەم تیۆرە پەیوەندی بە کارەکانی پۆل لازارسفێلد (Paul Lazarsfeld) و بێرنارد بیرلسۆن (Bernard Berelson) هەیە کە بە فێرگەی کۆڵۆمبیا ناسراوە لە شیکردنەوەی ڕەفتاری دەنگدەران. هەرچەندە لازارسفیلد لە سەرەتادا جەختی لەسەر کاریگەریی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و میدیای جەماوەری و پانێل و مشتومڕەکانی نێوان سەرکردەکان لە تیڤی لەسەر بڕیاری دەنگدەران کردەوە، بەڵام دواتر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی نییە، بەڵکو ئەو گروپانەی کە تاک تێیدا ئەندامە کاریگەری یەکلاکەرەوەیان هەیە (Antunes, 2010, pp.146-147)

گەر لەم سـوـنگەیەش سـەرنجێک لە مێژووی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردسـتان بدەین، دەبینین هەر لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، پارتە سیاسییەکان ڕەفتاری سیاسی و ئاڕاستەیان بەرامبەر بە یەکدی توندتر دەبێت و دەکەونە بەکارهێنانی ڕادەی توندوتیژی بە تایبەتی لە گوتارەکانیان، جا لە ڕێگای دەزگای ڕاگەیاندنی پارتەکانی خۆیان بێت، یاخود لە ڕێگەی پلاتفۆرمەکانی سـۆشـیال میدیانەوە بێت کە تا لێواری یەکتر شـکاندن و ڕق لەیەکتربوونەوە دەڕۆن، بە جۆرێک کاریگەری لەسـەر ڕەفتاری دەنگدەرانیش دروسـت دەکەن لە بەشـداریکردن یان نەکردن لە هەڵبژاردنەکان، بە چەشـنێکی تر لە کاتی هەڵمەتی بانگەشـەی هەڵبژاردن تا ئەندازەی گەڕانەوە بۆ ڕووداوە مێژووییەکانی ڕابردوو و گێڕانەوەی ڕووداوە توندوتیژەکانی قۆناغی شـۆڕش و شـەڕی ناوخۆیی دەڕۆن، ئەویش بە ئامانجی کارکردن لەسەر سایکۆلۆژیای دەنگدەر تاکو لە بەرژەوەندی پارتەکانیان دەنگدەران بەشداری پرۆسەکە بکەن، بۆ مەبەستی پێکاندنی ئەم ئامانجەشیان کار لەسەر بنکەی جەماوەری یەکتر دەکەن، بەشێوەیەک دەبێتە بەشێک لە کڕین و فرۆشـتنی دەنگی دەنگدەرەکانیان، زۆر جار قوڵبوونەوەی ئەو دژایەتیکردنەی کاتی بانگەشـەی هەڵبژاردن پەیوەندی نێوان لایەنە کێبرکێکارەکان گرژی تێدەکەوێت و درێژە دەکێشـێت بۆ ماوەیەکی درێژتر (فەرەج، و ڕەئوف، ٢٠٢٣، ل.ل. ٥٢٥-٥٢٣)

### 2-2-2 تیۆری سایکۆسۆسیۆلۆژی

ئەم تیۆرە بایەخ بە کاریگەرییەکانی ئەو فاکتەرانە دەدات کە ڕۆڵ دەگێڕن لە پێکهێنانی سـایکۆلۆژیای تاکی دەنگدەر، بەڵام زۆر بە وردی و قوڵی نەپرژاوەتە سەر بواری سایکۆلۆژی تاک، تاوەکو لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو ڕێچکەی هاوشوناسی پارت (Party Identification Approach) بە دیار کەوت، کە بە "فێرگەی میشیگن" ناونراوە کە لەلایەن توێژەرانی زانکۆی میشـیگنی ئەمریکی ئەنجامدراون و کەسـانی وەک ئانگوس کامپڵ و فلیپ کونڤێرس و وارین میلر و دۆناڵد سـتوکزیان تێدابووە لە کتێبە کلاسـیکییەکەیاندا بە ناوی دەنگدەری ئەمریکی (The American Voter)، بەپێی بیرۆکەکانی ئەم فێرگەیە تاک پەیوەستییەکی سایکۆلۆژی توندی بۆ دروست دەبێت دواتر ڕۆژ بە ڕۆژ بەهۆی ئەزموونی لەگەڵ ئەو پارتە پەیوەسـتبوونەکەی توندتر و پتەوتر دەبێت هاوشـێوەی پەیوەسـتبوونی بە ئایینەکەی بەو واتایەی ئەم پەیوەسـتیە جۆرێک لە ئایدۆلۆژیای توند دروسـت دەکات و هاوشـێوەی ئایدۆلۆژیا ئایینیەکان، بەمەش تاک بە قووڵی هەست دەکات بووەتە بەشێک لەو پارتە، ئیتر سەرکەوتن و شکستی پارتە دڵخوازەکەی بە سەرکەوتن و شکستی خۆی دەزانێت (Houghton, 2009, pp.157-158).

ئەم تیۆرە ئەوەی ڕەتکردەوە کە ڕەفتاری هەڵبژاردن لە ڕێگەی فاکتەرە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانەوە دەسـتنیشـان بکرێت، بەڵکو جەخت لەسـەر ئەوە دەکاتەوە کە تاکەکان هەر لە تەمەنی تازەپێگەیشـتن و هەرزەکارییەوە هەر زوو وابەستەیی پارتایەتیان بۆ دروست دەبێت لە ڕێگەی دایک و باوک و دراوسێ و هاوڕێکانی و ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا دەژی ئەمەش وا دەکات کاریگەرییەکی دوور مەودای هەبێت و ببێتە دروسـتکەری ڕایەڵەیەکی بەهێزی نێوان ئەو تاکە و پارتە دڵخوازەکەی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ کە زۆر ئەم ئەسـتەمە بتوانێت ئەو وابەسـتەییەی بگۆڕێت و لەو پارتە دوور بکەوێتەوە، تەنها مەگەر ڕووداوێکی زۆر دراماتیکی و سەرسوڕهێنەر ڕووبدات (ئەحمەد، ٢٠٢١ أ)

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک سـەبارەت دەسـتنیشـانکردنی ئەو فاکتەرانەی کە کاریگەری لەسـەر ڕەفتار و بڕیاری دەنگدەری هەرێمی کوردسـتان بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردسـتان-عێراق سـاڵی ٢٠١٨ دادەنێت، لەمیانی وەڵامدانەوەی هاونیشـتمانیان بۆ پرسـیاری سـێیەمی لێکۆڵینەوەکە دەربارەی ئەوەی کە ئەگەر دەنگتدا بە کاندیدێک، کام پێوەر ڕەچاو دەکەی: شـار، توانای کەسـایەتی، ئینتیمای عەشـیرەت، خەڵکی چ ناوچەیەکە، سـەر بە چ پارتێکە؟ لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسـیارە دوو خاڵی سـەرەکی دەردەکەوێت، یەکەم: توانای کەسـی و پارتایەتی کاریگەری دەنوێنن بەسـەر ڕەفتاری دەنگدەر، ئەوەش بەو مانایە دێت کە بەراورد بە تیۆرەکانی تر تیۆری سـایکۆسـۆسـیۆلۆژی لە واقیعی هەرێمی کوردسـتان نزیکترە وێڕای ئەوەی هەر لە وەڵامی هەمان پرسـیار کە ئاڕاسـتەی بەشـداربووانی کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکە کراوە، ئەو جیاوازییە لەسـەر دوو خاڵی سـەرەکی بە ڕوونی دەردەکەوێت بە تایبەت لە نێوان دەنگدەری هەولێر ودهۆک لەلایەک و دەنگدەری سـلێمانی لەلایەکی دیکە، لە هەولێر و دهۆک پەیوەسـتبوونی هۆزایەتی و خێڵەکی

بەرەو پێش دەڕوات کەچی پەیوەستبوونی ناوچەگەری پاشەکشە دەکات، کەچی لە سلێمانی پەیوەستبوونی ناوچەگەری بەرەو پێش دەڕوات و هەروەها پەیوەستبوونی خێڵەکی و هۆزایەتی پاشەکشە دەکات (حەیدەر، ٢٠١٨، ل٢٣) . بە هەمان شێوە لە توێژینەوەیەکدا لە ساڵی ٢٠٢٥ ئەنجامدراوە، سەبارەت بە تێگەیشتن و بەشداری سیاسی هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستان، پرسیار لە بەشداربووانی ڕاپرسییەکە کراوە، کە ئایا کاریگەری سیستەمی خێڵ و عەشیرەتگەری لەسەر دەنگدان چۆنە؟ لە وەڵامدا "٦٩٪" ی بەشداربووان پێیان وایە ئەم سیستەمە کاریگەری لەسەر ڕەفتاری دەنگدان هەیە (تەلعەت، ٢٠٢٥ ب، لا ٢٤)

کەواتە ئاراستەی سایکۆسۆسیۆلۆژی لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت، بەهۆی ئەوەی دەنگدان لە کوردستان بەپرۆسەیەکی سیاسی عەقڵانی تێناپەڕێت، بەڵکو دەنگدەران زۆرجار لەسەر بنەمای هەستی خێڵەکی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەنگ دەدەن، نەک تەنها بەرنامەی سیاسی.

### 2-2-3 تیۆری ئابوری بۆ سیاسەت

ئەم تیۆرە ڕەفتاری دەنگدان لەسەر بنەمای بژاردنی عەقڵانی لێکدەداتەوە کە تێیدا حیساباتی عەقڵانی بۆ بەرژەوەندی تاک کاریگەری لەسەر بڕیاری دەنگدەر دەبێت، هەروەها ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکە ئابورییەکانی سوودگەرایی، کە تەنانەت ئەخلاق و بەهاکانیش بە سوود و خۆشگوزەرانیەوە گرێدەدات (Mill, 2009, pp.12-13). ئەنتۆنی داونز بە گرنگترین بیرمەندی ئەم تیۆرە لە قەڵەم دەدرێت. لێکدانەوەی داونز لەسەر بنەمای پەیوەندی نێوان ئابوریناسی و زانستی سیاسەت دامەزراوە واتە تێهەڵکێشێکی میتۆدی لە نێوان هەردوو زانستەکە کردووە (ئەحمەد، ٢٠٢١أ)

هەروەها جیاوازی لەنێوان دوو شێوازی دەنگدانی عەقڵانی دەکرێت لە چوارچێوەی بژارکردنی عەقڵانی؛ یەکەمیان دەنگدان لەسەر ڕابردوو کە پێیان دەگوترێت دەنگدانی ڕابردووبین (Retrospective) دووەمیان دەنگدانە لەسەر داهاتوو، کە پێیان دەگوترێت دەنگدانی ئاییندەبین (Prospective) (هۆتون، ل.ل ٢٥٨-٢٥٩)، لە یەکەمیاندا دەنگدەران لەسەر بنەمای چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی ئەرکی پارت و کاندیدەکان لە ڕابردوودا دەنگ دەدەن بەو مانایەی ئەم پارتە یان ئەم کاندیدە تا چەند ڕاستگۆ بووە و تا چەند بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێکردووە، چ دەستکەوتێکی ئابوری هەبووە، چەند توانیویەتی خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوڵاتیانی خۆی بکات، چۆن و تا چەند قەیرانە ئابورییەکانی چارەسەرکردووە ئینجا دواتر دەنگ لەسەر بنەمای ئەو لێکدانەوەیە دەدەن. هەرچی حاڵەتی دووەمە دەنگدەر لەسەر بنەمای پێشبینیکردنی کار و ڕاپەڕاندنی ئەرکی پارت و کاندیدەکان دەنگ دەدات بۆ ئەمەش پێویستی بە کۆکردنەوەی زانیاری و هەڵسەنگاندنی سیاسەتی پارتەکانە (Stiers, 2021, p.3)

لەمیانی خوێندنەوەی بابەتەکانی پەیوەندی ڕەفتاری سیاسی دەنگدەر لە بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بەو ئەنجامە گەیشتین کە هەر دوو شێوازی دەنگدانەکە لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە، لەم سۆنگەیەشەوە بەشێک لە دەنگدەرانی هەرێم لەسەر بنەمای بەجێهێنانی ئابوری و چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی ئەرکی پارت و بەڵێنەکانی لە ڕابردوو دەنگدەدەن بۆ نموونە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی ڕاپرسی دەربارەی " گەنج و ڕوانگەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان"، توێژەران پرسیاریان لە بەشداربووانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە کردووە کە "هۆکارەکانی بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردن چین؟" لە وەڵامدا ڕێژەی "٨٢.٣٪" ئاماژەیان بەوە کردووە کە هەڵبژاردن هیچ ناگۆڕێت، و ڕێژەی "٤٦.٤٪"بێ متمانەیی پارتە سیاسییەکان هۆکارە لە بەشدارینەکردنی دەنگدەر لە هەڵبژاردن (ڕۆژهەڵاتی و ئەوانی تر، ٢٠٢٣ أ، ل.ل ٤٠-٤١) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بەشێ لە دەنگدەرانی هەرێم لەسەر بنەمای کاریگەری ئەدای پارتە سیاسییەکان لە خولەکانی پێشووتر دەنگدەدەن.

لە بەرامبەر دا بەشێکی تر لە دەنگدەران لەسەر بنەمای پێشبینیکردنی کار و بەڵێنەکانی پارتە سیاسیەکان لە ڕابردوو هەوڵدەدات باشترین بڕیار بدات بۆ داهاتوو، بۆ نموونە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی ڕاپرسی دەربارەی " ڕاپرسی هەڵبژاردن" پرسیاری ئەوە کراوە هۆکاری بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان-عێراق چین؟ ڕێژەی "٦١.٥٪" بەشداربووانی ڕاپرسییەکە گوتوویانە بۆ گەیاندنی دەنگی خۆیان بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتوو دەکەن،

هەر لە ڕاپرسییەکەدا ئاماژە بەوە کراوە بەشێکی زۆری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان زیاتر لە مانگێک بەر لە ڕۆژی هەڵبژاردن بڕیاری خۆیان دەدەن کە دەنگ بدەن بە چ لایەنێک و قەوارەیەکی سیاسی، ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە هاونیشتمانیان بە پەرۆشەوە دەڕواننە هەڵبژاردنی داهاتوو بۆیە ماوەی مانگێکیان پێویستە تا زانیارییەکی زۆر کۆ بکەنەوە دەربارەی ئەو پرسە چارەنووسسازە (ڕۆژهەڵاتی و ئەوانی تر، ٢٠٢٣ب، ل.ل. ٢٢-٢٤)

بە دەستەواژەیەکی تر دەنگدەرانی هەرێم بەشێوەیەکی بەرچاو ئایندە بینن لە بڕیارەکانیان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، بەڵام ئەزموون و کاریگەرییەکانی ڕابردوو "بەتایبەت سەبارەت بە متمانە و ئەدای پارتە سیاسییەکان" ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە چۆنیەتی دروستکردنی ئەو بڕیارانەدا، واتە ڕابردووی ئەدای پارتە سیاسیەکان چوارچێوەیەک بۆ بڕیارە ئایندەییەکانی دەنگدەر دروست دەکات.

دەتوانین بڵێین کە ڕەفتاری دەنگدەرانی کورد تێکەڵەیەکە لەم سێ ڕوانگەیە، بەڵام بە پلەی یەکەم دەکەوێتە چوارچێوەی ڕوانگەی سایکۆ-سۆسیۆلۆژی و بە پلەی دووەمیش ڕوانگەی سایکۆلۆژی. کاریگەری ڕوانگەی ئابوری بۆ عەقڵانییەت بوونی هەیە، بەڵام ڕەنگە کەمتر زاڵ بێت بەسەر بڕیارەکانی دەنگدەراندا لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان کوردستان بە بەراورد بەو دوو ڕوانگەی دیکە. بە دەستەواژەیەکی تر ڕەفتاری دەنگدەرانی کورد لە هەڵبژاردنەکاندا زیاتر لە چوارچێوەی ڕوانگەکانی سایکۆ-سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی نزیکە، فاکتەرەکانی وەک ناسنامەی نەتەوەیی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لایەنگیری پارتەکان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینن. لە کاتێکدا فاکتەرە ئابورییەکان گرنگن بەڵام کاریگەرییەکانیان لە چوارچێوەیەکی سایکۆ-سۆسیۆلۆژیدا شرۆڤە دەکرێن.

## 3 ئاڵنگارییە ئابوری وسیاسییەکان

ئاڵنگارییە ئابورییەکانی کاریگەرلەسەر دابەزینی ڕێژەی بەشداریی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

### 3-1 ئاڵنگارییە ئابورییەکان:

چەندین ساڵە هەرێمی کوردستان لە دۆخی قەیران و ناسەقامگیری ئابووری و داراییدایە، کێشە ئابوورییە قوڵەکان و لاسەنگییە جۆراوجۆرەکانی بونیادی ئابوری کە لە چەندین دەیەی ڕابردووەوە کەڵەکەبوون بەتایبەتی لاوازی کەرتە نانەوتییەکان لە بەرهەمهێنان و دروستکردنی داهات و لەخۆگرتنی دەستی کار، لاسەنگییەکانی بواری دارایی گشتی و بازرگانی دەرەکی و پەیکەری هێزی کار لەو هۆکارە سەرەکییانەن کە بوونەتە هۆی ئەوەی ئابوری هەرێم بە بەردەوامی لە بەردەم هەڕەشەی قەیران و کێشەی گەورەدا بێت، بەمجۆرە ئابوری هەرێم ئابورییەکی یەکلایەنەیە یاخود ئابورییەکی کرێخۆرەیە (احمد، ٢٠٢١أ، ل.٨١)، دەتوانین بڵێین ئەوئاڵنگارییە ئابوری و داراییانەی کە ڕۆڵیان هەیە لەسەر دابەزینی ئاستی بەشداریی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکان، بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

#### 3-1-1 گرفتی داهاتی گشتی و داهاتی تاک

ڕیشەی گرفتەکانی داهات لە هەرێمی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرفتە درێژخایەنەی کە زیاتر لە پەنجا ساڵە ئابوری عێراق بە دەستییەوە گیرۆ دەبووە، ئەویش لاسەنگییەکانی پەیکەری ئابورییە کە سەرەکیترینیان ئەمانەن: لاسەنگیی پەیکەری کۆبەرهەمی ناوخۆیی (GDP) و پەیکەری داهاتە گشتییەکان و پشتبەستنی زۆر بە داهاتی فرۆشتنی نەوتی خاو، گەورەبوونی قەبارەی کەرتی گشتی ، بچووکی و لاوازی قەبارەی کەرتی تایبەت، کورتهێنانی تەرازووی بازرگانی و پشتبەستن بە کاڵا وخزمەتگوزاری هاوردە بۆ پڕکردنەوەی بەشی زۆری پێداویستیە ناوخۆییەکان و کورتهێنانی بودجەی گشتی، ئەوانەش دەرئەنجامی ئەو سیاسەتە چەوتانەیە کە لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەوڵەتی عێراق پشتی پێبەستن (گوڵپی، جیهانگیر سدیق، ٢٠٢٠، ل.ل.١٠-١١)

لەم بارەیەوە لە دوو توێی جیاواز هەوڵدەدەین کاریگەری داهات بەسەر ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا شرۆڤە بکەین، لە توێی یەکەمدا هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر کاریگەری داهاتی گشتی لەسەر بەشداریکردنی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکاندا، پەیوەندیدار بەو پرسە توێژینەوەیەکی زانستی بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە بەرزی و نزمی ئاستی داهاتی گشتی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بەشداریی هاوڵاتییان هەیە بە شێوەیەک هەر کاتێ داهاتی گشتی باشتر

بووبێ و ئەدای ئابوری حکومەت گۆڕانی ئەرێنی بەسەرداهاتبێ ئەوا ڕێژەی بەشداریش لە هەڵبژاردنەکان بەرزبۆتەوە و بەپێچەوانەشەوە ڕاستە (Cicatiello and others, 2015, pp. 447-479)، بەپێی دەرئەنجامی توێژینەوەیەکی تر توێژەر بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە زۆرێک لە کێشە ئابورییەکان و نەگەیشتن بە ئابورییەکی گەشەسەندوو، کێشەگەلی سەختن و بەشێک لەو کێشانە پەیوەندییان بە پرسی دەرەکییەوە هەیە کە تایبەتمەندییەکی تەواو سیاسییان هەیەو بەشێکی تری کێشەکانیش پەیوەستن بە کێشە جیۆپۆڵەتیکی و جیۆئیکۆنۆمیکییەکان، بۆ نموونە حکومەتی هەرێمی کوردستان تاکو لەژێر دەستی حکومەتی فیدراڵی عێراقدا بێت ناتوانێ سیاسەتی پارە و نەختینە و ئابوری بازاڕ، بە ویستی خۆی دابرێژێ و هەردەبێ بە چاولێکردنی دۆخی عێراق هەڵسوکەت بکات واتە ناتوانێ سیاسەتی ئابووری سەربەخۆ دابڕێژێت، بە تایبەتی چونکە تاکو ئێستا هەرێمی کوردستان کێشەی سیاسی و سنووری لەگەڵ عێراقدا هەیە، لەدۆخێکی ئاوا ئەستەمە بتوانێ بەم سەرچاوە سنووردارانەوە خۆی بگەیەنێتە قۆناغی گەشەسەندنی ئابووری، سەرەنجام بەشێک لە کێشە سەرەکییەکان کە بریتین لە ناسەقامگیری ئابووری و تێکشکانی سیاسەتی ئابووری وابەستەبوونی ئابووری هەرێم بە عێراق بووەتە یەکێ لە ئاڵنگارییەکانی کەمبوونەوەی بەشداریی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عێراق (کەریمخان، ٢٠١٨، ل .ل٢١-٣١). کەواتە داهاتە گشتییەکان کاریگەرییەکی زۆریان هەیە لەسەر باشترکردنی ژیانی هاوڵاتییان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی. ئەگەر ئەم داهاتانە بە شێوەیەکی دروست و دادپەروەرانە بەکاربهێنرێن، ئەوا متمانەی هاوڵاتییان بە سیستەمی سیاسی زیاد دەکات و هانیان دەدات بۆ بەشداریکردنێکی کارا لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانیدا. بەڵام ئەگەر داهاتەکان بە هۆی گەندەڵییەوە بە هەدەربدرێن یان بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە دابەش بکرێن، لە دەرئەنجامدا دەبێت بە بەشێک لە سەرچاوەی نائومێدی لە دەنگدان و بەشداریکردن تێیدا.

بەڵگەیەکی تر، قەیرانە یەک لە دوای یەکەکانی ئابووری و خراپبوونی بارودۆخی دارایی، کە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر بەشداریی دەنگدەران هەیە، بەتایبەت لە دوای ساڵی ٢٠١٤ وە لە هەرێمی کوردستان بە ڕوونی دەرکەوت. ئەم دۆخە پەرەسەندنە بەهۆی بڕینی پشکی هەرێم لە بودجەی گشتیی حکومەتی فیدراڵی عێراق، لەگەڵ سیاسەتەکانی ئابووری و وزە، هەرێمی کوردستانی خستە ناو قەیرانێکی دارایی قورسەوە. یەکێک لە دیارترین لێکەوتەکانی ئەم قەیرانە، کێشەی دابینکردنی مووچەی مووچەخۆران بوو لە سەردەمی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمدا. سەرەڕای ئەم قەیرانە داراییە قوڵە، هەرێم هاوکات ڕووبەڕووی قەیرانێکی گەورەتری ئەمنیش بووەوە، کە بریتی بوو لە بەرەنگاربوونەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش و ئازادکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەژێر کۆنترۆڵی ئەو ڕێکخراوە. ئەم تێکچوونە هاوبەشەی دۆخی ئابووری و ئەمنی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کەمبوونەوەی بەشداریی هاوڵاتییان هەبوو، وەک ئەوەی لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٨ دا ڕەنگیدایەوە، ڕێژەی بەشداری گەیشتە "٥٩.٨٪" (Saeed, 2025, pp.3-25 ). ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە متمانە لە دەستچووە بەهۆی ساڵانێکی زۆر لە بەڵێنی بێ کردار و کەڵەکەبوونی گرفتەکان، بگرە وەک دەرئەنجامێکی لۆژیکیی ئەم نادادپەروەری و نامۆبوونە سیاسیە. هەرچی توێی دووەمە تیشک دەخەینە سەر کاریگەری تاک لەسەر بەشداریکردنی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکاندا، پەیوەندیدار بەو پرسە بەشێک لە توێژینەوەکان پێیانوایە کە پەیوەندی داهات بە بەشداریی سیاسییەوە بە پێی شێوەکانی بەشداریی سیاسیی دەگۆڕێت بەو پێیەی کە بەشداریی پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، بەشێوەبوونیشی پەیوەستە بە کارایی سیستەمی سیاسی و جۆری بەرژەوەندی و چوارچێوەی بیرکردنەوە تێیدا (شوانی و عبدالله، ٢٠١٩ج، ل ٢٣١)، یەکێ لەو توێژینەوانەی کە لەبارەی بەشداریی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە، بایەخیان بە کاریگەری داهاتی تاک بەسەر بەشداریی هاوڵاتییان نەداوە، یان بەو ئەنجامە گەیشتوون کە داهات جیاوازییەکی ئەوتۆ دروست ناکات لە هەندێ پرس و دیاردەی پەیوەندیدار بە بەشداری سیاسییەوە، کە گەنجان لە هەرێمی کوردستاندا نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەوتۆی ئاستی بژێوی و داهاتەوە، لە کاتێکدا زیاتر لەسێ لەسەر چواری گەنجان لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٩) دا بەشداربوون و دەنگیان داوە (سلطان، ٢٠١٠، ل.ل ٩٠-١١٩.)

هەر بەمشێوەیە لە هەرێمی کوردستان، داهاتی تاک بە شێوەیەکی گشتی پشت بە مووچەی حکومی و داهاتی کەرتی

تایبەت دەبەستێت، درەنگ دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەران بە تایبەتی دوای لێبڕینی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدراڵی عێراق لە ساڵی ٢٠١٤، گەشەی کەرتی تایبەت، هەلی کار، و ئاستی هەڵاوسان، هەموویان کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر باری ئابوری تاک و بەم پێیەش لەسەر بڕیاری بەشداریکردنی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دا دەبێت.

### 3-1-2 هەژاری

وەک دیاردەیەکی ئابوری و کۆمەڵایەتی لە هەرێم بەردەوامە و ساڵ لە دوای ساڵ ڕێژەکە زیاتر دەبێت، کە دەستیان بە دەرامەتی دارایی و پێداویستیە سەرەکییەکانی نزمترین ئاستی ژیان ناگات (یونس، بێکاری، ٢٠٢٢).

پەیوەندیدار بە پرسی هەژاری وەک یەکێ لە گرفتە ئابورییەکان کە کاریگەری دەخاتە سەر کەمبوونەوەی ڕێژەی بەشداریکردنی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکاندا، لە توێژینەوەیەک دا کە تایبەتکراوە بە چۆنیەتی ڕێژەی بەشداری سیاسی تاکەکان بەپێی شێوەی بەشداری و پاشخانی کۆمەڵایەتییان، لەسەر ئاستی کۆی تەوەرەکانی بەشداری سیاسی، نزیکەی (٢١٪) لەوانەی دەوڵەمەند و زۆر دەوڵەمەندن، بەشێوەیەکی زۆر چالاک بەشدارییان لە سیاسەتدا کردووە، کەچی ڕێژەی بەشداریکردنی کەسانی زۆر هەژار بە شێوەیەکی زۆر چالاک ناگاتە (٥٪)، بەو واتایەش ئەو کەسانەی لەبار و پێگەیەکی سۆسیۆ ئابوری باشتردان، زیاتر بەشێوەیەکی زۆر چالاک بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا دەکەن، تەنها لە بەشداریکردن لە گشتپرسی و هەڵبژاردنەکاندا نەبێ بە جۆرێک کە ئاراستەی کاریگەرییەکە پێچەوانە دەبێتەوە و لەگەڵ داکشانی بار و پێگەی سۆسیۆ ئابوری، ڕێژەی بەشداریکردن بەشێوەیەکی زۆر چالاک هەڵدەکشێ. نزیکەی (٦٩٪) ئەو کەسانەی زۆر هەژارن بەشێوەیەکی زۆر چالاک بەشدارییان لە گشتپرسی و هەڵبژاردنەکاندا کردووە، کەچی لە هەمان تەوەردا دەوڵەمەند و زۆر دەوڵەمەندەکان بە ڕێژەی (٣١٪) بەشدارییان کردووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەوانەی باری سۆسیۆئابورییان باشترە، بە شێوەیەکی زۆر چالاک بەشداری لە سیاسەتدا دەکەن، ئەوانەشی کە لەبارێکی سۆسیۆئابوری نزمدان، لە ڕووی سیاسییەوە ناچالاکن (عبداللە، ٢٠١٩ ب، ل.ل٢٤٣-٢٤٤)

بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین هەرچەندە بارودۆخی ئابوری خەڵک باشتر بێت ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان زیاتر دەبێت واتە فاکتەری ئابوری دوای ساڵی ٢٠١٤ ڕۆڵی یەکلاییکەرەوە دەگێرێت لە بارودۆخ و پێشهاتەکان، بەو مانایەی کە چارەسەرنەبوونی کێشە و ئاڵنگارییە ئابورییەکانی خەڵک بە گشتی و مووچە و قووتی فەرمانبەران بە تایبەتی، یان بوونی گرفت لە خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاو، کارەبا، بەنزین تەشەنەکردنی بێکاری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری ئاستەنگی سەرەکی دابەزینی ئاستی بەشداری هاوڵاتییانە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بە تایبەت دوای هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان.

### 3-1-3 گەندەڵی

بەپێی ڕێبەری نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی (کە لە ساڵی ٢٠٠١ دەرچووە) مەبەست لە گەندەڵی بریتییە لە "خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی بۆ وەدەستهێنانی دەستکەوتی کەسی کە زیان بە بەرژەوەندی گشتی بگەیەنێت" (شەعبان،٢٠٢٥، ل١٠)

لەم بارەیەوە هەرێمی کوردستان بەدەر نییە لە دیاردەی گەندەڵی و بەردەوامی تەشەسەندنی ئەم گرفتە پەیوەستە بە زۆر ڕەهەندی یاسایی، ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی...هتد. دەکرێت هۆکارەکانی بگەڕێتەوە بۆ نەبوونی حوکمڕانی باش و ناکۆکی لایەنە سیاسییەکان و ململانێی بەرژەوەندییەکانی نێوان گروپە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان و پشتبەستنی بڕیاردەرانی سیاسی بە بازنەیەکی هەڵپەرست و بەرژوەندخواز، بەردەوامبوونی دوو ئیدارەیی و مانەوەی سەربەخۆیی هەردوو ئیدارەی سەوز و زەرد بە تایبەت لە ڕووی دارایی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، لەگەڵ نەبوونی دامەزراوەی بەدواداچوون و لێپرسینەوە و سزادانی کارا و ڕۆچوونی هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی تیایاندا و زۆری ژمارەی دامەزراوەکانی چاودێری و لێپرسینەوە ناکارامەیی لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان و ڕۆڵ نەگێڕانیان بەشێوەیەکی سەربەخۆ و پیشەگەریانە و دەستێوەردان لە

کاروبارەکانیان و سروشتی کۆمەڵگای کوردستان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان...هتد (شاوەیس،٢٠٢٣، ل ٧١)
ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر گەشەسەندنی گەندەڵی دارایی و کارگێری لە هەرێمی کوردستان- هەیە، ئەمانەن:
١-کەمی مووچەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی و زۆری داخوازییەکان و پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەی تاکەکان، زەمینەیەکی لەبار خۆشدەکەن بۆ هەندێک کە بەدوای سەرچاوەی جێگیرەوە بگەڕێن تەنانەت ئەگەر بە ڕێگەی نایاساییش بێت.
٢- دەوڵەمەندبوونی نا ڕەوا لەسەر حیسابی بەرژەوەندی گشتی.
٣- زیادبوونی ڕێژەی بێکاری و سنووردار بوونی هەلی کار بەهۆی نەبوونی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و دەرەکی لە پرۆژەی نوێدا.
٤- بەتایبەتکردن (الخصخصة): گواستنەوەی هەندێک لە جومگەکانی کەرتی گشتی بۆ کەرتی تایبەت کە مەبەست لێی دەوڵەمەندکردنی هەندێک کەس و دامەزراوەی تایبەتە، بەشێوەیەکی نەرێنی کاری کردۆتە سەر خزمەتگزاری گشتی و لەهەمان کاتدا بارگرانی لەسەر هاوڵاتیان زیادکردووە بە تایبەت لە بوارەکانی ئاو، کارەبا، سووتەمەنی..هتد.
٥- قۆرخکردنی سەرجەم سێکتەرە ئابووری و پیشەسازی و کشتوکاڵی و بازرگانیەکان لەلایەن دەستەبژێری سیاسییەوە.
٦- دیاردەی قاچاخچێتی ڕێکخراو لە دەروازە سنوورییەکانەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، هەروەها لێخۆشبوونی گومرگی بۆ هەندێک کۆمپانیای دیاریکراو (عثمان و آخرون، ٢٠١٨، ص ص ٤٦-٤٧)
یەکێک لە ئاڵنگارییە سەرەکییەکانی بەردەم کەمبوونەوەی ڕێژەی بەشداری هاونیشتمانیان لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستانەوە تا دەگات بە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان-عێراق بریتییە لە گەندەڵی دارایی و ئابووری، چونکە دوای ڕێککەوتنامەی ئاشتی واشنتۆن و یەکگرتنەوەی هەر دوو ئیدارە بەڵام ململانێی پارتە سیاسییەکان لەسەر گرتنە دەستی دەسەڵات لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسا و پێوەرە دیموکراسییەکان هەر درێژەی هەبوو، کەمی سەرچاوەی جۆراوجۆری ئابووری بۆ بەرێوەبردنی باش وایکرد ڕێژەی بەشداریی هاونیشتمانیان هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردن دابەزێ، بە جۆرێک لە دوایین هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا ڕێژەکە گەیشتە "٥٥،١٪" (درەو، ٢٠٢٤، ل.ل. ١٣١-١٣٢) ئەمەش دەریدەخات کە بەراورد بە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان نزیکەی "٣٢٪" ی ڕێژەی بەشدارییەکە دابەزیوە، واتە بە نزیکەی تەمەنی حوکمڕانێتی دیفاکتۆی سیستەمی سیاسی هەرێمی کورستان بۆ هەر ساڵێکی تەمەنی "١٪" ڕێژەی بەشداریی لە هەڵبژاردنەکان دابەزیوە.

## 3-2 ئاڵنگارییە سیاسییەکان

ئاڵنگارییە سیاسییەکانیش کاریگەری هەیە لەسەر ڕێڕەوی پرۆسەی دیموکراتی و سەلامەتی پرۆسەی هەڵبژاردن و دەبێتە هۆی ئەوەی پاڵێوراوە هەڵبژێردراوەکان نەتوانن نوێنەرایەتیەکی ڕاستەقینەی سەرجەم هاونیشتمانیانی کۆمەڵگا بکەن، ئەوەش دەبێتە هۆی بوونی کەم و کوڕییەکی زۆر لە پرۆسەی دیموکراتی ئەویش "دەنگنەدانی دەنگدەرانە بە ڕێژەیەکی زۆر (الواسعي، ٢٠١٠، ص٤٠)گرنگترین ئەو ئاڵنگارییە سیاسیانەش کە بوونەتە بەربەست لە بەردەم بەشداریکردنی هاونیشتمانیان لە پرۆسەی هەڵبژاردن، بریتین لە:

### 3-2-1 ئاڵنگاری پێگەیاندنی سیاسی

پێگەیاندنی سیاسی بە گرنگترین ئامراز دادەنرێت بۆ بیناکردنی کەسایەتی بنەڕەتی مرۆڤ بۆ ئەوەی هەستێت بەو ڕۆڵەی کە لە سەرییەتی لە کۆمەڵگادا بۆ خزمەتی بەرژەوەندی گشتی. پێگەیاندنی سیاسی لە سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤەوە دەستپێدەکات بە درێژایی ژیان بەردەوام دەبێتو بە ئامرازێکی گرنگ دادەنرێت بۆ دروستکردنی یەکگرتوویی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا (محمد، ٢٠١٦، ل.٢٩). هربرت هایمان (Herbert H. Hyman) لە پێناسەی پێگەیاندنی

سیاسیدا دەڵێت " بریتییە لەو پرۆسەیەی کە لە میانەیەوە تاکەکان فێری پێوەرەکانی کۆمەڵایەتی دەبن لەو دامەزراوانەی کە هەن لە کۆمەڵگادا، بە شـــێوەیەک ئەو پێوەرانە یارمەتی دەدەن بۆ ئەوەی ڕەفتارەکانی بگونجێنێت لەگەڵ کۆمەڵگا" (Hyman,1959, pp.25-29) کەواتە پێگەیاندنی سیاسی کاریگەری لەسەر ئاستی بەشداری هاونیشتمانیان دەبێت لە ڕێگەی کەناڵی جۆراوجۆرەوە وەک (خێزان، دامەزراوەکانی فێرکردن، پارتە سیاسییەکان) بەم شێوەیەی خوارەوە:

### 3-2-1-1 خێزان

خێزان بەیەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی پێگەیاندنی ســـیاســـی و کۆمەڵایەتی دادەنرێت. ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێت لە فێرکردن و پێگەیاندنی تاکەکان، چونکە ئەمە یەکەم گروپە کە تاک تێیدا دەژیت و زانیاری و شــارەزایی و هەڵوێســت و بەهاکانی بۆ دەگوازرێتەوە بۆ ئەوەی لە ژیانێکی کۆمەڵایەتی ســـەرکەتوودا بژیت لەناو تاکەکانی کۆمەڵگا (فؤاد، ٢٠١٤، ص ٨١)

بەگشـــتی خێزانی کورد حەزی نەکردووە بەوەی منداڵەکانی تێکەڵ بە کاری ســـیاســـی و پارتایەتی بن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا بەربەسـت نەبووە لەبەردەم دروسـتبوونی پەیوەسـتبوونی ئایدۆلۆژی و پارتایەتی لای تاکەکان و زۆر و کەم منداڵەکانی لەسـەر ئەوە ڕاهێناوە کە سـۆزیان بۆ پارتێک یان لایەنێکی دیاریکراو هەبێت، ئەمەش لە پرۆسـەی پێگەیاندنی ســیاســیدا یەکێکە لەو ئەرکانەی کە خێزان پێی هەڵدەســتێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای ســەرنجە ئەوەیە تاکی کورد ڕاستەوخۆ دەبێتە دیلی هەر پەیوەستبوونێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی، کە لە خێزانەوە دەستی دەکەوێت واتا بەزەحمەت دەتوانێت سنووری ئەو پەیوەستبوونە ببەزێنێت یان تەنانەت هێندە دەستکاری وچاکسازی تێدا بکات، بەو واتایەی ڕۆڵی خێزانی کورد لەم پرۆسـەیەدا تەنها هەر ئەوە نیە کە هێڵە گشـتییەکان سـەبارەت بە سیاسـەت و حکومەت و ئایدۆلۆژیای سـیاسـی بە تاکەکان بناسـێنێت، بەڵکو ئەو ڕێچکە سـیاسـی، وئایۆلۆژیانەش دەسـتنیشـاندەکات کە تاک لە ماوەی ژیانی خۆیدا پێویستە لەسەری بەردەوام بێت و بەرگری لێبکات (تەلعەت، ٢٠٠٦أ، ل.ل ٥١-٥٢)

بە گوێرەی دەرئەنجامەکانی ڕاپرسییەک دەرکەوتووە کە "٥٤٪ ی خێزانەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان گفتوگۆی سیاسی دەکەن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هێشتا خێزانەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە پەروەردەی سیاسی و شێوەپێدانی بیروباوەڕەکاندا دەبینێت. (تەڵعەت، ٢٠٢٥ب، ل ٢١). کەواتە فشاری خێزانەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕۆڵ دەبینێت لە بەشداریکردنی ڕۆڵەکان لە پرۆسەی هەڵبژاردن.

### 3-2-1-2 دامەزراوەکانی پەروەردەو فێرکردن

دامەزراوەکانی پەروەردەو فێرکردن ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن لە پرۆســـەی پێگەیاندنی ســـیاســـی، لە نموونەی دامەزراوەکانی فێرکردنیش تیشــک دەخەینە ســـەر (قوتابخانە، زانکۆکان و پەیمانگاکان)، قوتابخانە لە پاڵ خێزان ڕۆڵی تەواوکاری دەگێڕێت لە پێگەیاندنی ســـیاســـی کە جگە لە پێدانی هەندێک بەهاو زانیاری نوێ، هەروەها تاک لە قۆناغی پەیمانگا و زانکۆ جگە لە پەرەپێدان و گەشـــەکردن بە ئاڕاســـتەکان و بیروباوەڕەکان هەندێک بیروباوەڕی نوێ و ئاڕاستەی نوێ وەردەگرێت کە کاریگەری لەسەر تاکاکان دەبێ دەربارەی ژیانی سیاسی.

#### 3-2-1-2-1 قوتابخانە

قوتابخانە هەسـتی پەیوەسـتبوون بۆ کۆمەڵگە زیاد دەکات و لایەنی کەسـایەتی تاک بەهێز دەکات، بۆ وێنە ئەفلاتون لە کتێبی کۆمــاردا پەروەردە بە کۆڵەکەی ســـەرەکی دەوڵەتی نموونەیی هەژمــاردەکــات و بوونی هــاوڵاتیەکی بــاش دەبەستێتەوە بە بوونی سیستەمێکی پەروەردەیی باش و تۆکمە لە کۆمەڵگادا (خەلیل، ٢٠٢٣، ل ٥٦).

سـەبارەت بە کاریگەری ئاسـتی خوێندەواری بەسـەر شـێوەکانی بەشداری سیاسی بە گوێرەی یەکێک لە ئەنجامەکانی توێژینەوەیەک ســـەبــارەت بە نوێبوونەوە و گۆڕانی کولتوری لای لاوان دەردەکەوێـت، ئەو خێزانــانەی ئــاســـتی خوێندەوارییان بەرزە، جیاوازی پەیوەسـتبوونی سـیاسـی نەبۆتە مایەی ئاسـتەنگ لەنێوان ئەندامەکانیاندا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بەرزبوونەوەی ئاســـتی خوێندەواری دەتوانێ کۆتایی بە کاریگەریی نەرێنی ئەو بەها و نەریت و کۆت و

بەندە کۆمەڵایەتی و کولتوورە باوکسالارییە بهێنێ کە پیاویان کردۆتە مەرجەع بۆ ئافرەت لە پرسی بەشداری سیاسی (عزیز، ٢٠٠٦، ل.ل١١٨-١١٩)، کە ئەمە تاکو ئێستا گرفتێکی زەقە لە هەرێمی کوردستان و زۆرێکیش لە خێزانەکان لەژێر فشاری ئەو کۆت و بەندە کۆمەڵایەتی و کولتوورە باوکسالارییە دان و ناتوانن بە ئازادی بەشداری سیاسی لە پرسە سیاسییەکان بکەن.

### 3-2-1-2-2 زانکۆ و پەیمانگاکان

زانکۆ و پەیمانگاکانیش ڕۆڵی تەواوکاری دەگێڕن بۆ ئەو ڕۆڵەی کە قوتابخانە هەیەتی، جگە لە فێرکردنیان بە بیروباوەڕ وئاڕاستەی سیاسیی نوێ و شارەزاکردنیان بەئەزموونی نوێ، ڕۆڵی زانکۆ و پەیمانگاکان لە ئاستی هزری و سیاسی بە پلەی نایاب دێت لە گرنگترین پایەکانی پێگەیاندنی سیاسی گەنجەکان دادەنرێت و یارمەتییان دەدات بۆ ئەوەی هاوڵاتی هۆشیاربن بەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە هەیانەو یارمەتییان دەدات بۆ وەرگرتنی بەهای نوێ و ئامادەیان دەکات، کە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو چوارچێوە سیاسی و کولتوری و شارستانییەی کە هەیانەو دەستپێشخەر و داهێنەربن لە کۆمەڵگاکانیان (افنیک، ٢٠٢٣، ص.ص ٣٣٨-٣٣٩).
توێژینەوەیەک لە هەرێمی کوردستان دەریخستووە کە کەسانی خاوەن بڕوانامەی باڵا لە زۆربەی شێوەکانی بەشداریکردنی سیاسیی بەشداریدەکەن، بەڵام کەمتر سەرنجیان لەسەر هەڵبژاردنەکانە. لە بەرامبەردا، کەم خوێندەواران و نەخوێندەواران بە ڕێژەیەکی بەرچاوتر لە گشتپرسی و هەڵبژاردنەکاندا بەشداری دەکەن (ئەحمەد، ٢٠٢٠د، ل. ٢٥٦).
دەتوانین بڵێین دامەزراوەکانی فێرکردن ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پێگەیاندنی سیاسی و ئاشنابوونی مرۆڤ بە زانست و زانیاری ئەمەش لە پێناوی دروستکردنی تاکێکی هۆشیاری تا لە ڕێگەیەوە بتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبێت لە بەشداریکردنی سیاسی تاکەکان و تێگەیشتن لەو ڕووداو و پێشهاتانەی کە لە ژینگەی سیاسی ڕوودەدەن. ئەم کاریگەرییانەش کاتێک بەدیاردەکەوێت کە دامەزراوەکانی فێرکردن توانای ئەوەیان هەبێت کە تاکەکان دروست بکەن و بەسیستەم و پلانێکی سەرکەوتوو ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، لەگەڵ ئەوانەشدا ڕۆڵ و کاریگەریی ئەرێنی ئاستی خوێندەواری سەبارەت بە هەموو شێوەکانی بەشداری سیاسی وەک یەک نییە، بەڵکو کاریگەرییەکە ڕێژەییە و بەگوێرەی پێشهات و بارودۆخەکان لە کۆمەڵگایەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت.

### 3-2-1-3 پارتە سیاسییەکان

پارتە سیاسیەکان کەناڵێکی تری پێگەیاندنی سیاسین، کاریگەری گەورەیان هەیە لە پراکتیزەکردنی دیموکراتی و هۆشیاری سیاسی تاکو لەمیانەی کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنگرەکانیانەوە هەوڵدەدەن ڕۆڵ بگێرن لە هۆشیارکردن و ڕۆشنبیرکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا (محمد، ٢٠١٦، ل.ل٤٧-٤٨.)
سەبارەت بە سروشتی پارتە سیاسییەکان و کاریگەرییان لەسەر بەشدارییی لە هەڵبژاردن پێویستە ئاماژە بە چەند ڕاستیەک بکەین، کە هەرێمی کوردستان دوای تێپەربوونی ٣٣ ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکەمین دەسەڵاتی کوردی دەبینین تاکو ئێستا بەشێکی زۆر لە دام و دەزگا و شوێنە حکومیەکانی هەرێمی کوردستان لەژێر هەژموون و کاریگەری ڕاستەوخۆی پارتە گەورەکاندایە، پارتەکان خاوەن هێزی چەکدارن کە دەتوانن هەر کات بیانەوێ تەواوی دامەزراوە سیاسییەکان ڕاگرن و لەپەل و پۆی بخەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پارتەکان خۆیان بە خاوەنداری دامەزراوەکان دەزانن واتە وەک موڵکێکی تایبەت سەیری دەکەن، لەبەرئەوە پارتە سیاسییەکان سەرچاوەکانی حکومەت بەکاردەهێنن بۆ ڕازیکردنی ئەندامەکانیان و ڕاکێشانی خەڵک بەلای خۆیاندا، جگە لەم بوارانە دام و دەزگاکانی حکومەت بۆ سوودی کاری پارتە سیاسییەکان بەکاردەهێنرێت، فەرمانبەران هاندەدرێن یاخود ناچار دەکرێن فۆرمی بوون بە ئەندام لە پارتەکان پڕبکەنەوە و بەشداری چالاکییەکانی پارتەکان بکەن (حمە، ٢٠٢٣،ل ١٢٦-١٢٧)
پەیوەندیدار بە کاریگەری پارتە سیاسییەکان لەسەر کەمبوونەوەی بەشداری هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکاندا، لە توێژینەوەیەکی مەیدانی سەبارەت بە (لاوان و بەشدارییان لە پرۆسەی سیاسیدا) کە یەکێ لە پرسیارەکانی

تەرخانکردووە بۆ ڕەهەندی بەشداربوونی سیاسی (٧٠.٦٪) لە لاوانی بەشداربووی کۆمەڵگەی توێژینەوەیەکە گوتوویانە ئەندامی هیچ پارتێکی سیاسی هەرێمی کوردستان نین (احمد، ٢٠٢٤، ل٧٧٧ ). کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە و جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە، دەرخەری ئەوەیە کە باوەڕبوون و ئەندامبوون لەناو پارتە سیاسییەکان کەمە و لە ئاستی داخوازی لاواندا نیە کە ئەمەش لە دەرئەنجامدا کاریگەری دەبێت لەسەر کەم بوونەوەی ڕێژەی بەشداریی لاوان لە ئەندامبوونیان لەناو پارتە سیاسییەکان وەک کەناڵێکی بەشداری سیاسی ودواتریش بەشداریکردنیان لە پرۆسەی هەڵبژاردن.

### 3-2-2 ئاڵنگاری متمانەی سیاسی

متمانەی سیاسی حوکمدانی هاوڵاتیانە بەرانبەر بە سیستەمی سیاسی بەو پێیەی کە سیستەم ئامرازێکی وەڵامدەرەوەیە و کاردەکات بە بەردەوامی بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی تاکەکان. واتە متمانەی سیاسیی هەستی گشتیی خەڵکە بەرامبەر بە سیاسەتی وڵات (صادق، ٢٠٢٠أ، ل١٥).

لە چوارچێوەی بابەتەکانی پەیوەندیدار بە متمانەی سیاسی وبەشداری هاوڵاتییان تێبینی دەکرێت، کە هاوکێشەی نێوان متمانەی سیاسی و بەشداری هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ وڵاتانی تری پێشکەوتووی دیموکراسی جیاواز بێت، ڕێژەی بەشداری بەرز بەمانای متمانەی سیاسی بەرز، و ڕەوایەتیدان بە سیستەمی سیاسی دێت، داتاکانی ڕەوایەتی سیاسی و بەشداری سیاسی هەرێمی کوردستان لە یەکەوە نزیکن، هەروەک دابەزینی ئاستی متمانە و دابەزینی بەشداری سیاسی پێکدەگەنەوە، لە ساڵی ١٩٩٢ کە متمانە بەرز بوو لە هەمان کاتدا بەشداری هاوڵاتیانیش گەیشتە (٨٧،٤٪) و لەمەوبەدواوە کە ئەدا خراپ بووە متمانەش دابەزیوە و ئاستی بەشداری دابەزیوە بەو واتایەی متمانەی سیاسی و بەشداری سیاسی پێکەوە بەرەو پوکانەوەیەکی زۆر ڕۆیشتوون (صادق، ٢٠٢٠أ، ل١٥). بە شێوەیەک لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان-عێراق بینیمان ڕێژەی بەشداری ئەو دەنگدەرانەی لە کۆی ئەوانەی کە مافی دەنگدانیان هەبووە گەیشتە (٥٥،١) بەڵام بە گوێرەی ئەو داتایانەی کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بڵاویکردەوە ڕێژەی بەشداریی ئەوانەی دەنگیان داوە لە کۆی ئەوانەی بایۆمەترییان کردووە و کارتی دەنگدانیان وەرگرتووەتەوە دەکاتە"٧٢.٠٤٪"( سایتی فەرمی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ٢٠٢٤). بۆیە لێرەدا بەشداری هاوڵاتییان دابەش دەبێت بۆ سەر چەند گروپێک: ١- هەندێک لە هاوڵاتییان کارتی بایۆمەتری دەنگدانیان وەرنەگرتووەتەوە لەبەر ئەوەی بێهیوا بوون لەوەی کە هەڵبژاردنەکان ئامرازێک بن بۆ ئەو گۆڕانکاریە سیاسییانەی کە دەیانەوێ ڕووبدات. ٢- هەندێکی تر لە هاوڵاتیان کارتی بایۆمەتری دەنگدانیان وەرگرتووەتەوە بەڵام بەهۆی قۆرغکاری و پارە و دەسەڵات و بانگەشەی هەڵبژاردن لەلایەن پارتی دەسەڵاتدار نەچووەتە دەنگدان. ٣- بەشێکی تریش چووەتە دەنگدان بەڵام دەنگی پوچەڵ کردووەتەوە کە ژمارەیان (٢٠٦،٤٣٤) دەنگدەر بووە ئەمەش پەیوەندی بە سیستەمی حوکمڕانی و ئەو فشارە هەیە کە لەسەری بووە واتە لەبەر ترس و توڕەیی دەنگەکەی پوچەڵ کردووەتەوە.

### 3-2-3 ڕۆشنبیری سیاسی

ڕۆشنبیری سیاسی وەک بەشێک لە ڕۆشنبیری گشتی کۆمەڵگە، دەربارەی فۆرمێکی دیاریکراو لە ڕۆشنبیری سیاسی، هەریەک لە (ئەلمۆند و ڤێربا) سێ جۆر لە ڕۆشنبیری سیاسی دەستنیشان دەکەن، کە زیاتر سروشتی کۆمەڵگاکان و پاشانیش سیستەمی سیاسییان کردووەتە بنەما، جۆری یەکەمیان، ڕۆشنبیری سیاسی سەرەتایی ( Parochial Political Culture)، ئەم جۆرە کولتوورە تایبەتمەندیی کۆمەڵگا خێڵەکی و سەرەتاییەکانە کە گەشەکردن تێیاندا لاوازە، سەرۆکی خێڵ کاروبارەکان ئاراستە دەکات، تەنانەت بگرە کاروبارە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانیش بەڕێوە دەبات. سەرباری ئەمەش ئاراستە و ڕۆڵی هاوڵاتیان بەرانبەر پرسە سیاسییەکان لە ئاستێکی نزمدایە، تەنانەت ئەم جۆرە کولتوورە ناوچەییە و کولتوورێکی نیشتمانی سەرتاسەری نییە. جۆری دووەمیان، ڕۆشنبیری سیاسی ملکەچی (Subject Political Culture)یە کە لێرەدا ئەرک هەیە بەڵام بەشداری نییە، بەواتایەکی تر پەیوەندی فەرمان

لەسەرکراوەکان (محکومین) بە سیستەمی سیاسییەوە پەیوەندییەکی ملکەچییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە فەرمان لەسەرکراوەکان ئاگایان لە دەسەڵاتی سیاسی دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانن بەشداری کارا بکەن لە کاروبارەکانی سیستەمی سیاسی، چونکە باوەڕیان وایە کە هیچ ئەرزشێک بۆ ڕۆڵیان دانانرێت جا بە هۆی دانپێدانەنانی سیستەم بێت بە بەشداریان، یان دانپێدانان بە توانای لاوازی و بەرئەنجامی ئەو کاریگەرییەی کە بۆ هەریەکە لە تێهاوێشتە (Input) و دەرهاوێشتەکانی کە لە سیستەمی سیاسیدا هەیە، ئەم جۆرە کولتورە لەو کۆمەڵگایانە هەبووە کەوا دەستەی فەرمانڕەوایی وڵات هەژموونێکی تەواویان هەیە بەسەر کاروبارەکانی گشتیی کۆمەڵگە.جۆری سێیەم، بریتییە لە رۆشنبیری سیاسی بەشداری (Participant Political Culture). لێرەدا تاکەکانی کۆمەڵگا بواری بەشدارییان بۆ ڕەخساوە لە ژیانی سیاسی و سیستەمی سیاسیدا، لەبەر ئەوەی هاوڵاتی لە ئاستێکی بەرزی هۆشمەند و هۆشیاریدایە بەرانبەر کاروباری سیاسی و دەتوانێت لە ڕێگەی کار و چالاکی هەمەجۆری سیاسییەوە ئەو سیستەمە بگۆڕێ، ئەمەش لە ڕێگای ئامرازە جۆربەجۆرەکانی بەشداری سیاسییەوە دەبێت وەک: هەڵبژاردن و خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین و بەشداری لە پارتی سیاسی و گروپەکانی فشار و پێکهێنانی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی ...هتد (Almond and Verba, 1963, P.P.17-19)

بە گوێرەی ئەو توێژینەوانەی بەر لەئەنجامدانی توێژینەوەکەمان ئەنجامدراون بۆ مەبەستی زانینی کاریگەری ڕۆشنبیریی سیاسی لەسەر بەشداری سیاسی هەڵبژاردن، لە توێژینەوەیەکی مەیدانی سەبارەت بە "پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیریی سیاسیی دەنگدەر و پرۆسەی هەڵبژاردن: خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان -عێراق بە نمونە" توێژەران پرسیاریان کردووە کە هۆکارەکانی بەشدارینەکردن لە دەنگدان چین؟لە وەڵامدا "٢٤،٤٪" وتوویانە بڕوایان بەهەڵبژاردن نییە، "هەر لە هەمان توێژینەوەدا "١٧،١٪"بڕوایان وایە کە هەڵبژاردنەکانی پێشوو نەیانتوانیوە گۆڕانکاری دروست بکەن، (شریف و محمد، ٢٠٢٤، ل.ل ٢٠٤-٢٠٦)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لە هەرێمی کوردستاندا هەردوو ڕۆشنبیری سنووردار و ملکەچی زاڵترن بەسەر ڕۆشنبیری سیاسی بەشداری، چونکە ڕۆشنبیریی سیاسی هەرێمی کوردستان بەرهەمی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، جوگرافیا، ئایین و مێژووی سیاسیی گەلی کوردە.

لەم سۆنگەیەوەش دەبینین کولتوری دیموکراسی و ڕۆشنبیری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا لە ئاستێکی خراپ و دواکەوتوودایە بە جۆرێک سەرەڕای هەموو کێماسی و کەموکوورییەکان دیموکراسی کورتکراوەتەوە لە چوارچێوەی گەمەی هەڵبژاردن، ئەگەر چی هەڵبژاردن بە تەوەرێکی سەرەکی ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری دیموکراسی دادەنرێت، بەمەش دیموکراسییەت هاومانای هەڵبژاردن کراوە، لە هەڵبژاردنیش کێ بیباتەوە ئەو دەتوانێ پشکی شێری بەربکەوێ لە کابینەی داهاتوو و بە ئارەزووی خۆی بۆ ماوەی چوار ساڵ حوکم بکات و دەست بەسەر هەموو جومگە سەرەکیەکانی سیستەمی فەرمانڕەواییدا بگرێت بەبێ ئەوەی هیچ ئەجێندایەکی سیاسی ڕوونی پێبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دواتر لێپرسینەوەی لەسەر بکرێت لە ئەگەری چارەسەرنەکردنیان (ئەحمەد، ٢٠٢٢ب، ل.ل ١٠٠-١٠١)

### 3-2-4 ئاڵنگاری نەبوونی دەستوور

دەستور لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا گوزارشتە لە بوونی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی کە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا دەبەسترێت، بەمەبەستی دانانی ڕێساکانی گەمەی دیموکراسی و سنوردانان لەبەردەم دەسەڵاتی ڕەهای فەرمانڕەواکان و ئامادەکردنی میکانیزم و ئامرازەکانی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات و گەرەنتیکردن و پاراستنی ماف وئازادییە تاکەکسییەکان(Beetham and Boyle, 2009, p. 25)

لەم سۆنگەیەش لەسەرەتای کۆنترۆڵکردنی ناوچە کوردستانییەکان لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە بەرەی کوردستانی بڕیاری دابوو کە هەر لەگەڵ دروستبوونی پەرلەمان پرۆژەی دەستووریش بنووسرێتەوە (عەلائەددین، ٢٠١٣، ل٥٩)، لەهەمان کاتدا لە ماددەی (١٢٠) ی دەستوری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ ساڵی ٢٠٠٥ هاتووە کە "هەرێمی کوردستان بۆ خۆی دەستورێک دادەنێ کە پەیکەری دەسەڵاتەکانی هەرێم و دەسترۆیەکانی (صلاحیة) و میکانیزمی دەسترۆیییانە دیار بکات بە جۆرێک لەگەڵ ئەم دەستورە ناکۆک نەبێت" (دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥، ص ٥٩)

ئەگەرچی لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا بە ڕوونی باس لە بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردن کراوە وەک

مافێکی سیاسی و یاسایی هەم بۆ دەنگدان و هەم بۆ خۆپالاوتن بۆ پۆستە گشتییەکان (پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق،٢٠٠٩، مادده ٢١)

هەر بۆیە لێرە دەتوانین بڵێین لەژێر رۆشنایی ئەو برگە و ماددانەی کە لە پرۆژەی دەستوورەکە دا هاتووە، برێکی باشی دەستەبەری ئەو زەمینەسازییە دەکات کە هاولاتیان بتوانن بەشدارییەکی کارا بکەن لە سەرجەم کایەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کولتووری...هتد. کە ئەمەش سەر دەکێشێت بۆ ئاڵنگارییەکی گەورە ئەویش ئەوەیە کە چۆن ئەو مادده دەستووری و یاساییانە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەمەش زیاتر ئاڵنگارییەکە لەوەدایە کە هێشتا دەستوورەکە پرۆژەیە و بەتەواوی بە پرۆسەکانی بە دەستووربووندا نەڕۆیشتووە، تا دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان کاری لەسەر بکەن و دواتر هاولاتیانی کوردستانیش ئاشنا بن بەوەی کە پێگەی ئەوان لە کوێی دەستوورەکە دایە (عەلی، ٢٠١١، ل.ل ١٠٤-١٠٥ )

### 4- ئاڵنگارییە کۆمەڵایەتی وهۆشیارییەکان

### 4-1 ئاڵنگارییە کۆمەڵایەتییەکان

هەروەک دەیزانین هەڵبژاردن پێش ئەوەی پرۆسەیەکی سیاسی و یاسایی بێت پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیشە و لە بچووکترین یەکەی کۆمەڵایەتییەوە دەستپێدەکات کە بریتیە لە خێزان، مرۆڤەکان لە خێزانەکانیانەوە و دواتر لە رێگەی دامەزراوەکانی پەروەردە و فێرکردن فێری وانە سەرەتاییەکانی ئازادی هەڵبژاردن دەبن، گرنگترین ئەو ئاڵنگارییە کۆمەڵایەتیانەی کە بوونەتە بەربەست لە بەردەم بەشداری هاولاتییانی هەرێم لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بریتین لە:

#### 4-1-1 ئاڵنگاری شوناس

زاراوەی شوناس، بە یەکێک لە زاراوە ئاڵۆزەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت، ئەوەش وا دەکات تێگەیشتن و دیاریکردنی مانا و پێناسەی ئەم چەمکە ئاسان نەبێت (جەوهەر، ٢٠١٩، ل ٤٧٤)، زانای ئەمریکی ساموئێل هانتینگتۆن (Samuel Huntington) بەم چەشنە پێناسەی شوناس دەکات و دەڵێت: "هەستکردنی تاک یان کۆمەڵ بە خودی خۆیان، ئەوەش دەرئەنجام و بەرهەمی هۆشیارییە، یاخود واتای ئێمە خاوەنی تایبەتمەندی جیاوازین، ئەم جیاوازییەش ئێمە جیادەکاتەوە لە تۆ، لە ئەوانی تر" (هنتنجتون، ٢٠٠٩، ص٥٥)

پەیوەست بە کاریگەری نەبوونی شوناسێکی نیشتمانی یەکگرتوو لەسەر کەمبوونەوەی بەشداریی هاولاتییان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، لە توێژینەوەیەکی زانستی سەبارەت بە شیکردنەوەی پرسەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی هەرێمی کوردستان-عێراق لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن لە دوای ٢٠١٧ توێژەران بەو دەرئەنجامە گەیشتوون کە لە نەبوونی شوناسێکی نیشتمانی یەکگرتوو دا، ناسنامە لاوەکییەکانی هەروەک: "ناسنامەی ناوچەیی، خێڵەکی و عەشایەری، پارتی سیاسی، ناسنامە ئایدۆلۆژیایی و مەزهەبی و ئایینی ...هتد) گەشە دەکات و زاڵ دەبێت، ئەمەش وا لە دەنگدەران دەکات زیاتر لەسەر بنەمای وابەستەبوون بەو ناسنامە لاوەکییانە دەنگ بدەن نەک لەسەر بنەمای بەرژوەندی گشتی کۆمەڵگا، بە دەستەواژەیەکی تر نەبوونی شوناسێکی نیشتمانی یەکگرتوو دەتوانێت ببێتە مایەی لێکترازان و گرنگیدان بەو شوناسانە لە بری شوناسێکی نەتەوەیی یەکگرتوو کە ئەمەش مەترسییەکی جددی لەسەر کەمبوونەوەی رێژەی بەشداریکردنی هاولاتییان لە پرۆسەی هەڵبژاردن دێنێتە کایەوە (عیسی و قادر، ٢٠٢١، ل.ل.٣٤-٣٥)

لەم سۆنگەیەش هەرێمی کوردستان لە ڕووی شوناس و پێکهاتەییەوە فرە ئایین و فرە نەتەوەیە، ئەمەش بەپێی یاسا لەڕووی کردارییەوە چەسپاوە، بۆ وێنە بە گوێرەی یاسای مافی پێکهاتەکان، هەشت ئایینی فەرمی لە هەرێمی کوردستان-عێراق دانیان پێدانراوە ئەوانیش بریتین لە ئیسلام، کریستیان، جوو، بەهایی، زەردەشتی، ئێزیدی، کاکەیی/یارسانی، سابیئەی مەندایی (بڕوانە یاسای ژمارە ٥، ٢٠١٥، مادده١)

بەپێی توێژینەوەیەکی زانستی دیکە دەربارەی کۆمەڵگەی لێکترازاو: هاوبەندیی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی شوناس، لە یەکێ

دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە دا توێژەر ئاماژەی بەوە کردووە، کە لە هەرێمی کوردستاندا ئەگەرچی دان بە کەمینەکان نراوە، بەڵام بەشداری سیاسییان زۆر سنووردارە، ئەوانەشی کە دەرفەتی سیاسییان پێدەدرێ کەمینەکان بە نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان نازانن، هەروەها نوێنەرانی کەمینەکان زیاتر هەڵبژێردراوی جێی پەسندی زۆرینەن و سەپاون بەسەر کەمینەکاندا؛ لە جیاتی ئەوەی نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی مافی کەمینەکان بکەن لە بەرانبەر زۆرینەدا (ئیروانی، ٢٠٢٠، ل. ٧٢) بە گشتی نەبوونی شوناسێکی نیشتمانیی یەکگرتوو دەتوانێت ببێتە مایەی لێکترازان و بێهیوایی سیاسی لە کۆمەڵگا دا، کە لە کۆتاییدا ڕێژەی بەشداریی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکاندا کەمتر دەکاتەوە.

### 4-1-2 پاشخانی کۆمەڵایەتی

پاشـــخانی کۆمەڵایەتی هاومانای باری کۆمەڵایەتی-ئابوری تاکەکانە، لە هەندێ توێژینەوەدا باری کۆمەڵایەتی-ئابوریی تاکەکان، هەم بە مانای پاشـــخانی کۆمەڵایەتی و هەم وەک هاومانای چینی کۆمەڵایەتیش بەکارهێنراوە ( , Nelson, 1979, p.p. 1024-1038) بە بڕوای پیپە نۆریس زانای سـیاسـی بەریتانی-ئەمریکی پسـپۆر لە بواری سـیاسـەتی بەراوردکاری پاشخانی کۆمەڵایەتی، ئەو گۆڕاو و تایبەتمەندییە کەسییانە دەگرێتەوە کە ئامادەسازیی و ئاستی بەشداری تاکەکان لە گۆڕەپانی بەشداری سیاسی دیاریدەکەن (Norris, 2002, p.p. 94-95).

بە گشتی، بەشداریکردنی هاوڵاتییان بەپێی باری کۆمەڵایەتی-ئابووری، پاشخانی نیشتەجێبوون، بنەچەی ئێتنی و ئایینی، و تەنانەت ئەو گروپ و ڕێکخراوانەی تێیاندا ئەندامن، لە سیستەمێکەوە بۆ سیستەمێکی دیکە و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە. پێوەرەکانی پاشخانی کۆمەڵایەتیی تاکەکانیش، بەپێی کاریگەرییان لەسەر بەشداریکردنی سیاسیی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری دەگۆڕێن. لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ دیاریکردنی پاشخانی کۆمەڵایەتیی تاکەکان، تەنها پشت بە ئاستی خوێندەواری، پیشە و بڕی داهات نابەسترێت، بەڵکو پێویستە بزانرێت چەند سەرچاوەی داهاتیان هەیە، ئەو گەڕەکەی تێیدا دەژین هەژارنشین، مامناوەندنشین یان دەوڵەمەندنشینە، و ئەو خانوو یان شوقەیەی تێیدا نیشتەجێن، موڵکی خۆیانە، کرێچین، یان حکومییە(ئەحمەد، ٢٠٢٠د، ل.ل.٢٣٢-٢٣٣).

بە پشتبەستن بە پێوەرەکانی سەرەوە، زانیارییەکان کە لە توێژینەوەیەکەوە وەرگیراون، خراونەتە چوارچێوەی پێوەرێکی تایبەت بە باری کۆمەڵایەتی-ئابووریی تاکەکان. ئەنجامەکان دەریانخستووە کە ٤٦٪ی خەڵکی هەرێم لە کەسانی زۆر هەژار پێکدێن. هەرچەندە چینی ناوەندیش بە سەروو و خوارووییەوە ٤٦٪ن، بەڵام جیاوازییان لەگەڵ چینەکانی هەرە خوارەوەی ڕیزبەندیی کۆمەڵایەتیدا لەوەدایە کە هەژارەکان زۆرینەن. کەچی لە خانەی چینی ناوەند دا چینی ناوەندی خواروو زۆرینەن. تەنها ٨٪ی خەڵکی سەر بە چینی باڵا و سەروون وەک کەسانێکی دەوڵەمەند و زۆر دەوڵەمەند (ئەحمەد، ٢٠٢٠د، ل.٢٣٣).

بە شێوەیەکی گشتی، هۆکارەکانی وەک "باری کۆمەڵایەتی ئابوری، پاشخانی نیشتەجێبوون، بنەچەی ئێتنی و هەروەها بنەچەی ئایینی" بەیەکەوە تۆڕێکی ئاڵۆز دروست دەکەن کە بەشداریکردنی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عێراق دەستنیشاندەکەن، دەنگدەرانی هەرێم زۆرجار بڕیارەکانیان دەکەوێتە ژێر کاریگەری تێکەڵەیەک لەم ناسنامە کۆمەڵایەتییە جیاوازانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد.

## 4-2 ئاڵنگارییە هۆشیارییەکان

### 4-2-1 میدیا و ڕاگەیاندن

ڕاگەیاندن بە ئامرازێکی سـیاسـی گرنگ دادەنرێت لە پرۆسـەی گواسـتنەوەی بیروباوەڕ و هەواڵ و زانیاری لەبارەی بابەت و ڕووداو و کێشـەکان لە نێوان سـەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا (صـادق و فقی علی، ٢٠٢٤ ب، ل.ل٢٠٢-٢١٧)، کە جۆرێک لە زانیاری و مەعریفە دەدات بە تاک و بوارێکی گەورەیان بۆ دەڕەخسێنێت و ئامادەیان دەکات بۆ بەشداریکردن

لە پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی لە نێویشیان پرۆسەی هەڵبژاردن و گشتپرسی.
لە دوای ساڵی (٢٠٠٥) ڕاگەیاندنی کوردی پێشووەچونێکی باشی بەخۆیەوە بینی، بە تایبەت ئامرازە سەرەکییەکانی وەک"ڕۆژنامە، گۆڤار، تەلەفزیۆن، ئینتەرنێت" بوونە ئامرازێکی سەرەکی لە گەیاندنی پرسە جۆراوجۆرەکان بە تاکەکانی کۆمەڵگا، ستراتیژ و شێوازی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەپێی هەڵومەرجەرکان گۆڕانییان بەسەرداهات (محەمەد، ٢٠٢١، ل. ٢٦-٣٩) کە دەکرێ بڵێین یەکێک لە فاکتەرەکانی کەمبوونەوەی بەشداریی هاونیشتمانیان لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان کە لە ساڵی (٢٠٠٥) ئەنجامدرا، ئەو ڕۆڵە نێگەتیڤە بووبێ کە لە دەرئەنجامی ململانێیەکانی ڕاگەیاندنەکانی پارتی دەسەڵاتدار و سێبەر لەگەڵ یەکترو بەلاڕێبردنی داخوازییەکانی تاکەکان بۆ لایەنی پەیوەندیدار.
لەگەڵ دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن و هاتنە مەیدانی (بزووتنەوەی گۆڕان) وەکو ڕەوتێکی سیاسی ئۆپۆزسیۆن بۆ ناو پرۆسەی سیاسی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٩ ڕۆڵی هەبوو لەبەرەو پێشبردنی وتاری ڕەخنەگرانە، کە ڕاگەیاندنی ئەهلی و ئۆپۆزسیۆن هەڵگری بوون (ئیبراهیم، ٢٠١٤، ل. ٢٠٣)، ویەکێک لە فاکتەرە سەرەکیەکانی کەمبوونەوەی بەشداری لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان کە لە (٢٠٠٩) ئەنجامدرا ئەو ڕۆڵە نەرێنیە بوو کە ئامرازە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندنی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان دەیان گێڕا لە مەیدانی سیاسی لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان، چونکە خەڵکیان بێ هیوا و بێ ئیرادەیان کرد لە بەرامبەر سنووردانان بۆ زیادەڕۆییەکانی دەسەڵاتدارانی سیاسیی هەرێم بە ڕێکارە مەدەنییەکان.
لە دوای ساڵی "٢٠١١" ەوە "مەڵتی میدیا" ی کوردی بە دیارکەوت، چ لە چوارچێوەی ماڵپەر یاخود پێگەی ئەلیکترۆنی جیاواز، ئەگەرچی لە ئێستادا ئەمجۆرە لە میدیا ڕوو لە هەڵکشانە و بەکارهێنەرانی ئەم تۆڕە بەهۆی تایبەتمەندییە گرنگەکانییەوە خوازیاری ئەم جۆرە ڕاگەیاندنەن (فقی علی، ٢٠٢٣، ل٣٧).
میدیای نوێ بە گشتی، کاریگەییەکی بەرچاوی لەسەر بەشداریی هاوڵاتییان دادەنێت، لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی مەیدانی پرسیارکراوە کە تا چەند تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان بەکارهێناوە بۆ دەنگدان وەک پرۆسەیەکی سەرەکی لە بەشداری سیاسی؟ دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخستووە سەرەڕای ئەوەی ژمارەی ئەوانەی وەڵامی نەخێر یان دابووەوە زیاتر بووە لە بەڵێ بەڵام لە کۆتاییدا ڕێژەی "٣٤.٤٪" لە بەشداربووانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ئاماژەیان بەوە داوە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک هاندەرێک بەکارهێناوە و کاریگەریان لەسەر بووە بۆ دەنگدان، لە بەرامبەر دا ڕێژەی "٥٥.٦٪" بەشداربوو بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە پێیان وابووە میدیای نوێ کاریگەر و هاندەر نەبووە بۆیان تاکو دەنگ بدەن، کە دەکرێت ئەمەش پەیوەندی بە کۆتا هەڵبژاردنەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستان هەبێت کە هەڵبژاردنێکی پێشوەختە بوو لە ڕێکەوتی "٢٠٢١/١/١٠" بۆ پەرلەمانی عێراق کە لەبەر نیگەرانی و نادادییەکانی دەسەڵات ژمارەیەکی کەم دەنگدەری هاوڵاتی بەشداری دەنگدانیان کرد (غەریب و محمد، ٢٠٢٣، ل.ل. ١٤٨-١٤٩).
ماوەتەوە بڵێین کە میدیا و ڕاگەیاندن بوونەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنەکاندا دروست بکەن، جا چ بە ئاڕاستەی بەشداری و دەنگی بەڵێ بێت یان بە پێچەوانەوە بە ئاڕاستەی بەشدارینەکردن و دەنگی "نەخێر".

### 4-2-2 ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی

دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەرهاوێشتەی زەمەنی مۆدێرنیتەن و دەسەڵاتێکی بەرفراوانیان هەیە هاوشێوەی لۆبی و گرووپی فشاری بەهێز ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لەسەر سیاسەتی ناوخۆ و دەرەکی وڵاتان، ئەم ڕێکخراوانە وەکو کەناڵێکی بەهێز و کاریگەری نێوان خەڵک و دەسەڵات دەتوانن کاریگەری دانێن لەسەر هۆشیاری کۆمەڵگە و چالاکبوونی دەسەڵاتی سیاسی (سادق، ٢٠٢١ب)
دوای دروستبوونی هەرێمی کوردستان وەک کیانێکی دیفاکتۆ لە ساڵی (١٩٩٢)، سەرەتا ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ڕۆڵیان هەبوو لە چالاکی مرۆیی و دواتر ئەمە کاریگەری لەسەر دروستکردنی هەزاران ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی

هەبوو، هەرچەندە لە دوای کاری ڕێکخراوەکان، پەرلەمان لە ساڵی١٩٩٣ (یاسای ژمارە (١٨) ی ساڵی ١٩٩٣ تایبەت بە یاسای کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق. ) و ساڵی ٢٠٠١ (یاسای ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠١ یاسای ڕێکخراوە کوردستانییە غەیرە حکومییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.)یاسای تایبەتی بۆ دەرکردن، هەروەها دەرکردنی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١١ تایبەت بە ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق (یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١١ یاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراقدا.)حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرمانگەیەکی تایبەتی بە ناوی "فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان" دامەزراند بۆ جێبەجێکردنی کاروبارەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، بەپێی ئەم یاسایانە "جگە لە یاسای نوێی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ساڵی ٢٠١١" هیچ ڕێکخراو و ناوەند و سەنتەری ڕۆشنبیری و یەکێتی پیشەیی، بەبێ ڕەزامەندی "وەزارەتی ناوخۆ" نەیانتوانیوە دابمەزرێن و پێویستە لەسەر بنەمای بەندەکانی ئەم یاسایانەی سەرەوە پەیڕەوی ناوخۆییان دابڕێژن، هاوکات ئەم ڕێکخراوانە کاریان لەسەر بڵاوکردنەوەی (هۆشیاری کۆمەڵایەتی و پرسەکانی توند وتیژی دژ بە ئافرەتان و پەرەپێدانی کۆمەڵی مەدەنی و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ...هتد) دەکەن لە هەرێمی کوردستاندا.

بە گوێرەی ئەنجامەکانی تێزێکی دکتۆرا، متمانەی گشتی بەم دامەزراوە نافەرمییەی سیستەمی سیاسی زۆر لاوازە و زیاتر لە (٧٢٪) ی خەڵک متمانەیان بەم دامەزراوە نیە، پێیان وایە ڕێکخراوەکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەستکردی پارتە سیاسییەکانن و خەڵکی وەکو گروپی فشار سەیریان دەکات و کە بێ بڕیاری پارتە سیاسییەکان ناتوانن کار بکەن (سادق، ٢٠٢٠أ، لا ٢٠٩-٢١٠) کە ئەمەش کاریگەری دەخاتە سەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە گێرانی ڕۆڵی بنچینەییان وەکو پردی پەیوەندی نێوان هاوڵاتیان و حکومەت، بە تایبەتی چۆنیەتی کاریگەری ئەم ڕێکخراوانە لەسەر هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان سەبارەت بە ماف و ئەرکە سیاسییەکان و گرنگی پرۆسەی دەنگدان و کاریگەری بڕیارە سیاسییەکان لەسەر ژیانیان و هەروەها چاودێریکردنی هەڵبژاردن، جگە لەمانەش نەتوانن بەشداری بکەن لە بونیادنانی کولتووریی دیموکراسی و پەروەردەی هاوڵاتیبوون لەناو کۆمەڵگە دا.

کاتێکیش هاوڵاتی متمانەی بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نامێنێت و کەمتر بەشداری لە پرۆسەی بڕیاردان و چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، هەر بە گوێرەی ئەنجامی ڕاپرسییەک کە لە "٢٠٢٥" ئەنجامدراوە توێژەر بەو دەرئەنجامە گەیشتووە "٩٤٪" خەڵکی هەرێمی کوردستان، لە سێ ساڵی ڕابردوو دا بەشدارییان لە هیچ جۆرە چالاکییەکی مەدەنیدا نەکردووە، ئەم دەرکەوتانە ئەنجامەکەی گۆڕەپانێکی گشتی "بێدەنگ"ە، بەڵام بێدەنگیەکە لەبەر ئەوە نییە هاونیشتمانیان هیچیان نیە بۆ گوتن یان داخوازییان نەبێت، بەڵکو هۆکارەکەی ئەوەیە کە ڕێڕەوەکانی دەربڕین و دەنگهەڵبرینیان بە شێوازێکی ورد و سیستماتیک کۆنترۆڵکراوە و لەبەردەمیان داخراون (تەلعەت، ٢٠٢٥ ب، لا ٣٢) لە هەمان ڕاپرسیدا تەنها ڕێژەیەکی زۆر کەم لە هاونیشتمانیان کە بە نزیکەیی "٦٪" بەشداری لە چالاکیە مەدەنییەکاندا دەکەن، کە ئەمەش نیشاندەری سنووردارکردنی بەشدارییە لە چوارچێوەی دامەزراوە نافەرمییەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی، ئەمە لە کاتێکدا کەناڵەکانی بەشداری سیاسی فرە جۆرن و هاوڵاتی دەتوانێت بە زیاد لە ڕێگا و شێوازێک تێیدا چالاک بێت. ئەم ڕێژە بەرزە دەکرێ نیشانەی تەندروستیی دیموکراسی نەبێت، بەڵکو ڕەنگدانەوەی پشبەستنی قووڵی هاوڵاتیانە بە ئامێری پارت- دەوڵەت، واتە لە ژێر ئەم بەشدارییەدا دۆخێکی نائومێدکەر و پڕ لە پارادۆکس خۆی حەشارداوە، هەمان ئەو هاوڵاتیانەی دەنگدەدەن، متمانەیەکی ئەوتۆیان بە پارتە سیاسییەکان و دامەزراوە فەرمی و نافەرمی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێم نیە، بە جۆرێک "٥٣٪" ی خەڵک متمانەیان بە هیچ کام لەمانە نیە و "٢٣٪" تا ڕادەیەک متمانەیان هەیە، ئەمە تەنها بۆشاییەکی ئاسایی نییە، بەڵکو بۆشاییەکی سۆسیۆلۆژییە، کە ئەزموونی هاوچەرخی کوردی پێناسە دەکات، بەڵکو ئەمە پارادۆکسی کۆمەڵگەیەکە، کە کردەی دیموکراسی ئەنجام دەدات، لە کاتێکدا باوەڕ و متمانەی بە ناوەڕۆکەکەی لە دەستداوە (تەلعەت، ٢٠٢٥ ب، ل.ل.١٦-٣٨).

کەواتە دەکرێ بڵێین نەبوونی پەروەردەیەکی گونجاوی سیاسی و لاوازی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتییان دەربارەی گرنگی دەنگدان و مافە سیاسیەکانیان، کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عێراقدا.

## 5-دەرئەنجامەکان و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

### 5-1 دەرئەنجامەکان

١- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان هەرچەندە لە ڕواڵەتدا بەناوی کۆمسیۆنی سەربەخۆ ناسێنراوە، بەڵام لە ڕاستیدا سەرجەمیان بە پشک پشکێنەی پارتە سیاسییەکان دانراون، جگە لەمە کێشەی دیزاینکردنی بازنەکان و پاک نەکردنەوەی لیستی تۆماری دەنگدەران لەناوی چەندین بارە، هەروەها هەڵەی سیستەمی هەڵبژاردنی ئەلیکترۆنی وەک نەبوونی ئینتەرنێتی بەهێز لە هەموو ناوچەکان، ڕانەهێنانی تەواوی ستافی بنکەکانی دەنگدان، نەخوێندنەوەی پەنجەمۆری دەنگدەران بە تایبەت بەساڵاچووان، بێگومان ئەمانە دەبن بە یەکێ لە ئاڵنگارییەکانی کەمبوونەوەی بەشداری هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی هەرێمی کوردستان.

٢- سەبارەت بە ڕەفتاری دەنگدەرانی کورد لەسەر بنەمای هەردوو تیۆری ئابوری بۆ سیاسەت و تیۆری سایکۆسۆسیۆلۆژی، بەشێکی کەمی دەنگدەرەکان کە بەرژەوەندی ماددی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ پارتێکی دیاریکراودا هەیە بەناچاری دەنگیشیان پێدەدەن، ئەم دەنگدانەش لەسەر بنەمای حسابات و بەرنامەی پارت و قەوارە سیاسییەکان دەبێ کە پێیوایە لە بەرژەوەندی بزنسەکەی ئەوە و کاتێکیش بەرژەوەندییە ماددییەکەی نەما لەپارتەکە دێتە دەرەوە و دەنگی پێنادات. ئەمە جگە لەوەی زۆرینەی دەنگدەرانی کوردستان دەکەونە ژێر کاریگەری ڕێچکەی سایکۆسۆسیۆلۆژی بەشێوەیەک دەنگدەر ئەو ئاڵۆزیانەی بەلاوە دەنێت (کورتە ڕێگا) دەگرێتە بەر و هەوڵدەدات بە کەمترین زانیاری باوەڕ بەخۆی بهێنێت و دەنگ بە پارت و کاندیدە دڵخوازەکەی دەدات، بۆ ئەمەش زیاتر لەسەر بنەمای سەرنجراکێشان و سەرسامبوونێکی ڕووکەشییانە وەک ڕوخساری کاندیدەکان یاخود ڕەفتار و گوتارێکی ڕووکەشییانە...هتد دەنگدەدات.

٣-کێشە ئابوورییە قووڵەکان و لاسەنگییە جۆراوجۆرەکانی بونیادی ئابوری کە لە چەندین دەیەی ڕابردووەوە کەڵەکەبوونە بەتایبەتی لاوازی سێکتەرە نانەوتییەکان لە بەرهەمهێنان و دروستکردنی داهات و لەخۆگرتنی دەستی کار، لەو هۆکارە سەرەکیانەن کە بوونەتە هۆی ئەوەی ئابوری هەرێم بە بەردەوامی لە بەردەم هەڕەشەی قەیران و کێشەی گەورەدا بێت و ئەمەش کاریگەری کردۆتە سەر دابەزینی ڕێژەی بەشداریی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان.

٤- نەبوونی هۆشیاری بەرامبەر پرەنسیپە سەرەکییەکانی سیستەمی دیموکراسی لە نێویشیاندا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی هەر چوار ساڵ جارێک لە کاتی خۆی، ئاڵنگارییەکی دیکەیە لەبەردەم کەمبوونەوەی بەشداریی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان.

٥- ڕاگەیاندن و میدیای کوردستانی نەیتوانیوە جۆرێک لە زانیاری و مەعریفە ببەخشێت بە تاکەکان سەبارەت بە ئەرک و مافەکانیان و ئامادەیان بکات بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی لە نێویشیان پرۆسەی هەڵبژاردن و گشتپرسی.

٦- ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە هەرێم سەرباری ئەوەی کە لەژێر ئاڕاستەکانی پارتی دەسەڵاتدار کاردەکەن، هەر ئەمەش وایکردووە نەتوانن ببن بە پردی پەیوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵاتی فەرمی، بۆ هاندانی هاوڵاتیان لە بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان کە ئەمەش دەبێتە یەکێ لە ئاڵنگارییەکانی دیکەی کەمبوونەوەی ڕێژەی بەشدارییە لە هەڵبژاردنەکان.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم/ سەرچاوە کوردییەکان:**

**أ- دەستوور و یاساکان و بەڵگەنامە فەرمییەکان**

- پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق.پەرلەمانی کوردستان-عێراق، ٢٠٠٩، مادده (٢١).
- یاسای ژمارە (١٨) ی ساڵی ١٩٩٣ تایبەت بە یاسای کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.
- یاسای ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠١ یاسای ڕێکخراوە کوردستانییە غەیرە حکومییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق .

- یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١١ یاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراقدا.
- ماددەی (٦) ساڵی ١٩٩٢ لە یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە (١)
- ماددەی (٤) برگەی (٥) لە یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠١٤) یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی پلاندانان، ٢٠١٦. دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، دۆخی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان:ئەنجامەکانی ڕووپێوی کار و بێکاری،
- یاسای ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستان-عێراق.

**ب- کتێبەکان**

- برادۆستی، ئارام نجم الدین، ٢٠٢١. بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن بە کردەیی(هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ٢٠١٨/٩/٣٠-بەنمونە)، چ١، هەولێر. چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.
- تەلعەت، رابەر، گەنج و بەشداری سیاسی٢٠٠٦ . چ١، هەولێر. دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
- عەلی ،عادل. ٢٠١١، بەشداری سیاسی پێناسە، چەمک، گرفتەکان. سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.
- عەلائەددین، دلاوەر عبدالعزیز، ٢٠١٣، نیشتمانسازی و سیستەمی فەرمانڕەوایەتی خۆماڵی لە هەرێمی کوردستان، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.
- شەریف، ڕۆزە عەبدوڵڵا. ٢٠٠٨. ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی ناسەقامگیریی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، چ١، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- شەعبان، مەروان حاجی، ٢٠٢٥. میکانیزمە یاساییەکان بۆ قەڵاچۆکردنی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان. چ١، هەولێر. چاپخانەی شەهاب.
- شاوەیس، بڵند دلێر، گەندەڵی و ئایندەی هەرێمی کوردستان توێژینەوەیەکی یاسایی سیاسی، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٣.
- ئیبراهیم، عەبدولخاڵق، ٢٠١٤. میدیای کوردی لەسەردەمی ئاسمانە کراوەکاندا. چ١، هەولێر. چاپخانەی موکریان.
- رەئوف، محەمەد. ٢٠١٨. هەڵبژاردن لە کوردستان ١٩٩٢-٢٠١٤ توێژینەوەیەکی شیکاریی-بەراوردکارییە، چ٢، سلێمانی، چاپخانەی ناوەندی سارا.
- فەرەج، ڤیان مەجید.٢٠١٠. سیستەمەکانی هەڵبژاردن و پرەنسیپەکانی دەنگدان، چ٢.سلێمانی. چاپخانەی بینایی.
- بەرزنجی، سەرهەنگ، ٢٠٢٥، شرۆڤەی چەند پرسێکی دەستوری لە ژێر رۆشنایی بنچینە دەستورییەکان و بنەماکانی یاسای نێو دەوڵەتی، چ١، أربیل، هاتریک للطباعة والنشر و التوزیع،
- دامەزراوەی میدیایی درەو، ٢٠٢٤، کلیلی هەڵبژاردنەکان: پێگەی پارتە سیاسییەکانی کوردستان لە هەڵبژاردنە گشتیەکاندا ١٩٩٢-٢٠٢٤، چ٢، هەولێر.

**ت- پەرتوکی وەرگێڕدراو:**

- هۆتۆن، داڤید پاتریک. ٢٠١٨.سایکۆلۆجیای سیاسی-هەڵوێستەکان،تاکەکان و دۆخەکان، و: حەمەڕەشید، سلێمانی. چاپخانەی سەردەم.

**ث- چاپتەر لەکتێب**

- خەلیل، هیوا مجید. ٢٠٢٣. کاریگەریی پەروەردە لەسەر گەشەسەندنی سیاسیی و سەقامگیریی لە عێراق، لە کتێبی ئاییندەی سەقامگیری لە عێراقێکی ناڕووندا، سەنتەری توێژینەوەی سیاسی و ستراتیژی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.
- ئیروانی، موسڵح. ٢٠٢٠. کۆمەڵگەی لێکترازاو: هاوبەندیی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی شوناس، لە کتێبی سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشووری کوردستان، ئامادەکاران: وەڵزی، ئیحسان و ئیروانی، موسڵح. هەولێر. ئینستیتووتی سیاسەتی گشتی.
- ئەحمەد، جەلال، ٢٠٢٠د، پاشخانی کۆمەڵایەتی و بەشداری سیاسی لە هەرێمی کوردستان، لە کتێبی سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشووری کوردستان، ئامادەکاران: ئیحسان وەڵزی و موسڵح ئیروانی، هەولێر، ئینستیتووتی سیاسەتی گشتی.

**ج- نامە و تێزەکان**

- صادق، بارزان جوهر.٢٠٢٠أ. متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان-عێراق، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەددین،هەولێر.
- رسول، عبدالکریم خدر. ٢٠٢٢، ئاستەنگەکانی بەردەم ئەرکی پەلەمان لە هەرێمی کوردستان-عێراق (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە کۆمەڵناسی سیاسیدا)، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
- ئەحمەد، موحەمەد ڕەحمان. ٢٠٢٢ ب، ئاڵنگارییەکانی گەشەپێدانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان (لێکۆلینەوەیەکی شیکاری ڕەخنەییە)، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، بەشی زانستە سیاسییەکان، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.
- عزیز، لەیلا ئەمیر عاس. ٢٠٠٦. رۆڵی نوێبوونەوە لە گۆڕانکاری کولتووری لاوان-توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.
- سلطان، شیرزاد ئازاد. ٢٠١٠. کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕەفتاری سیاسی "لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر"، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.
- عبدالله، جلال احمد ٢٠١٠أ. ڕەهەندەکانی نامۆبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی گەنجان-توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەبارەی نموونەیەک لە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، بەشی کۆمەڵناسی-کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.

– عبدالله، جلال ئەحمەد ب. ٢٠١٩. پەیوەندی پاشخانی کۆمەڵایەتی بە بەشداریی سیاسییەوە توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان، تێزی دکتۆراه (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر.
– محمد، عدنان مجید، ٢٠١٦. شیکردنەوەی یەکەکانی پرۆگرامی پەروەردەی مەدەنی و پەیوەندی بە پێگەیاندنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان–عێراق"قۆناغی بنەڕەتی خوێندن وەک نموونە" توێژینەوەیەکی شیکاری مەیدانییە، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر.
– فقی علی، پاکستان عبدالقادر. ٢٠٢٣أ. ڕۆڵ و کاریگەری ڕاگەیاندنی کوردی لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی (هەرێمی کوردستان–عێراق لەنێوان ساڵانی ٢٠١٠–٢٠٢١)، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەددین،٢٠٢٣.
– کەریم، ئەحمەد ڕەفیق ٢٠١٩أ.جوگرافیای هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای ڕامیاریدا، تێزی دکتۆراه (بڵاونەکراوە)، بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

**ح- توێژینەوەی گۆڤارە زانستییەکان**

– مصطفی، جلال حسن. ٢٠٢٠. هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٨: نادادپەروەریی لە نوێنەرایەتیکردن و چۆنیەتی چارەسەر، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، بەرگی:٣، ژمارە:٥، سلێمانی.
– عیسی ، صالح عمر و قادر، پەروێز رحیم. ٢٠٢١. شیکردنەوەی پرسەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی هەرێمی کوردستان–عێراق لەروانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن لە دوای ٢٠١٧، گۆڤاری قەڵای زانست، بەرگی ٦، ژمارە ٣، هەولێر.
– تالیب، جزا توفیق و کریم، احمد رفیق ٢٠١٩ ب، کاریگەری هۆکارە مرۆییەکان لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا (١٩٩٢–٢٠١٣)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی ٦، ژمارە ١، سلێمانی،٢٠١٩.
– صادق، بارزان جوهر و فقی علی، پاکستان عبدالقادر٢٠٢٤ ب. ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی (هەرێمی کوردستان–عێراق لە نێوان ساڵانی ٢٠١٠–٢٠٢١)، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، بەرگی ٩، ژمارە ٣.
– جەهەر، یاسین ئاشوور.٢٠١٩، قوڵبوونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکان و کاریگەریان لەسەر بونیادنانەوەی عێراقی نوێ لە دوای ساڵی ٢٠٠٣، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، کەلار، پێنجەمین کۆنفرانسی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارەی تایبەت.
– قادر، کاروان عەلی. ٢٠٢١. کاریگەری سۆشیال میدیا لەسەر ڕەفتاری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنە گشتیەکاندا (خوێندکارانی زانکۆکان بە نموونە)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی ٨، ژمارە ٣.
– احمد، جهانگیر صدیق. ٢٠٢١، چاکسازی ئابوری لە هەرێمی کوردستان، پاساو و بەربەستەکان لە (٢٠٠٥–٢٠١٩)، گۆڤاری لێکۆڵینەوە سیاسی و ئەمنییەکان، بەرگی ٤، ژمارە ٨.
– گوڵپی، جیهانگیر سدیق، ٢٠٢٠، گرفتەکانی داهاتی گشتی لە هەرێمی کوردستان و ڕێگەکانی چارەسەرکردنیان، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ژمارە ٢.
– احمد، جبار قادر. ٢٠٢٤. لاوان و بەشدارییان لە پرۆسەی سیاسیدا: توێژینەوەیەکی شیکاریی–مەیدانییە، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی ١١، ژمارە ٢، سلێمانی.
– محەمەد، کارزان. ٢٠٢١ستراتیژی بەڕێوەبردنی میدیا لە هەرێمی کوردستان شرۆڤە و سیناریۆ ئایندەییەکانی، گۆڤاری سەنتەری ئایندەناسی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ژمارە (٥).
– حەیدەر، سەباح سوبحی. ٢٠١٨. ڕەفتار و بڕیاری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لە نێوان تیۆر و واقیعدا (هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان ٢٠١٨ وەک نموونە)، ناوەندی لێکۆلینەوەی ڕووداو، هەولێر.
– ڕۆژهەڵاتی، زریان و ئەوانی تر. ٢٠٢٣أ، گەنج و ڕوانگەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان. ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو. هەولێر
– ڕۆژهەڵاتی، زریان و ئەوانی تر. ٢٠٢٣ب. ڕاپرسی هەڵبژاردن. ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو.هەولێر.
– فەرەج، ئارام عەلی و ڕەئوف، مەریوان حەمە عەلی. ٢٠٢٣. ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر پرۆسەی هەڵبژاردن "هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان وەک نموونە"، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٦، ژمارە ٢، سۆران.
– کەریمخان، محەمەد. ٢٠١٨. سیاسەتی گەشەپێدانی ئابووری کوردستان، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، هەولێر.
– حەکیم، هۆگر ئیبراهیم. ٢٠٢٢. سیستەمی هەڵبژاردن و هاوکێشەکانی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان شێواز و سیناریۆ ئایندەکانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی،ژمارە ١٥.
– شوانی، محمد حوسێن شوانی و عبدالله، جلال احمد. ٢٠١٩ ج، مۆدێلە تیۆرییەکانی شیکردنەوەی پەیوەندیی پاشخانی کۆمەڵایەتی بە بەشداری سیاسییەوە–توێژینەوەیەکی تیۆرییە، گۆڤاری قەڵای زانست، بەرگی ٤، ژمارە ٤، هەولێر.
– تەلعەت ، ڕابەر٢٠٢٥ ب، تێگەیشتن و بەشداری سیاسی هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستان، ناوەندی توێژینەوەی سبەی، هەولێر.
– شریف، أمین فەرەج و محمد، لعلیە جاسم،٢٠٢٤، پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیریی سیاسی دەنگدەر و پرۆسەی هەڵبژاردن "خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان–عێراق بە نموونە"، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، بەرگی ٩، ژمارە ٤.
– غەریب، کەنعان حەمە و محمد، رضوان أبوبکر.٢٠٢٣.کاریگەری میدیای نوێ لەسەر ڕەفتاری سیاسی تاک بەشداری سیاسی بە نموونە (توێژینەوەیەکی شیکاری و مەیدانییە). گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، بەرگی ٩، ژمارە ١.

**ذ- سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:**

- یونس، سەرکۆ. ٢٠٢٢. بێکاری، هەژاری، گەندەڵی، سێکوچکەی نەهامەتییەکانی گەلانی عێراق، ئۆنلاین لە: https://speemedia.com/drejaWtar.aspx?NusarID=124&Jmare=10666، (ڕێکەوتی سەردانی ١٨ ئەیلولی ٢٠٢٤)
- ماڵپەڕی فەرمی دامەزراوەی کوردستان 24 بۆ توێژینەوە و ڕاگەیاندن٢٠٢٤، ئۆنلاین لە: https://www.kurdistan24.net/ckb/story/808494(ڕێکەوتی سەردانی ٣٠ ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤)
- ساڵح، یاسین. ٢٠٢١. نەبوونی دەستور لە ٣٠ ساڵی رابردوودا هۆکاری پەرتەوازەیی سیستەمی سیاسییە لە هەرێم، ئۆنلاین لە: https://www.haremnews.com/details/19752، (ڕێکەوتی سەردانی٢٠٢٤/١١/٧).
- سادق، بارزان جوهر ٢٠٢١ ب، ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە هێنانەکایەوەی کوردستانێکی بەهێز، ئۆنلاین لە: https://www.penus.krd/archive/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/1748-2021-03-09-13-30-12، (ڕێکەوتی سەردانی ١٨ کانونی دووەمی ٢٠٢٥)
- ئەحمەد، محەمەد رەحمان. ٢٠٢١أ. ڕەفتاری دەنگدان لە نێوان ئاراستەی عەقڵانییەت و ئاراستەی سایکۆلۆجی، ئۆنلاین لە: https://trans-cultures.fr/?p=8276، (ڕێکەوتی سەردانی ٨ ی شوباتی ٢٠٢٥)
- ئینستیتوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان، ٢٠١٨. تۆماری دەنگدەران لەنێوان بێگەردی و ساختەکاریدا، ئۆنلاین لە: https://payinstitute.org/2018/01/2021-09-01130856.html، (ڕێکەوتی سەردانی٣ ی نیسانی ٢٠٢٥).
- ڕاپۆرتی دامەزراوەی کوردستان 24 بۆ توێژینەوە و ڕاگەیاندن، ٢٠٢٣. بەشێک لە ئامێرەکانی دەنگدان کێشەیان لە گواستنەوەی داتاکان بۆ بنکەی سەرەکی هەیە. ئۆنلاین لە: https://www.kurdistan24.net/ckb/story/248442، (ڕێکەوتی سەردانی ٤ نیسانی ٢٠٢٥)
- سایتی فەرمی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق. ٢٠٢٤. ئۆنلاین لە: https://ihec.iq، (ڕێکەوتی سەردانی ٢٩ ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤).
- عومەر، شێوە. ٢٠٢٤. ڕۆڵی تەکنەلۆجیا لە پرۆسەی هەڵبژاردندا. ئۆنلاین لە: https://channel8.com/kurdish/news/91799، (ڕێکەوتی سەردانی ١٤ ی حوزەیرانی ٢٠٢٥)
- مستەفا. داروین ٢٠٢٤. ئایا دەکرێت لە ڕێگەی سیستەمی ئەلیکترۆنیەوە ئەنجامی دەنگدان بگۆڕدرێت، ئۆنلاین لە: https://www.zamenpress.com/Detail_wtar.aspx?jimare=6832، (ڕێکەوتی سەردانی ١٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٥)
- کەریم، هەرێم و جەمیل، دانا، ٢٠٢٤، بایەخ و گرفتەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان. ئۆنلاین لە: https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=73973 ، (ڕێکەوتی سەردانی ١٤ ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥)

**دووەم/سەرچاوە عەرەبییەکان**

**أ- دەستوور و یاساکان و بەڵگەنامە فەرمییەکان**

-دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥.

**ب- پەرتووک**

- مرزا، علي خضير.٢٠٢١. أوراق اقتصادية و نفطية العراق و العالم، المجلد الثاني، شبكة الاقتصاديين العراقيين.
- الواسعي، منصور محمد، ٢٠١٠. حقا الانتخاب و الترشيح و ضماناتها (دراسة مقارنة)، مصر. المكتب الجامعي الحديث.

**ت- پەرتووکی وەرگێردراو**

- هنتنجتون، صموئيل ٢٠٠٩. من نحن، المناظرة الكبرى حول امريكا، ت: احمد مختار الجمال،ط١، القاهرة. مركز القومي للترجمة.

**ث- نامەو تێزەکان**

- صالح، ميران محمد ٢٠٠٩. العلاقة بين المواطن و السلطة في المجتمع الكوردستاني:دراسة ميدانية في اقليم كوردستان-العراق، رسالة الماجستير (غير منشورة)، قسم علم الاجتماع، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين-أربيل.

**ج- توێژینەوە زانستییەکان**

- افنيك، عماد ميلاد. ٢٠٢٣. دور الجامعة في التنشئة السياسية للشباب الجامعي دراسة وصفية لواقع الجامعات الليبية، مجلة الأصالة تصدر عن الجمعية الليبية للعلوم التربوية و الإنسانية، المجلد ٢، العدد ٧، الجزء الثاني، ليبيا.
- فؤاد ،زرف.٢٠١٤. التنشئة السياسية و تشكيل العقل السياسي في المجتمع، مجلة الآداب والعلوم الاجتماعية، المجلد ٧، رقم ١، الجزائر.
- عثمان، غازي و آخرون، ٢٠١٨. العوامل المؤثرة في اكتشاف الفساد المالي والإداري "دراسة ميدانية في ديوان الرقابة المالية٠إقليم كوردستان العراق، عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثاني لجامعة جيهان-أربيل في العلوم الادارية و المالية، (CIC-ADFIS 18.

**سێیەم/ سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

**أ- کتێبەکان:**

- Houghton, D. 2009. Political Psychology-Situations, Individuals, and Cases. first Published. New York and London. Taylor Francis or Routledge's.

- Beetham, David and Boyle, Kevin. 2009. Introducing Democracy 80 Questions and Answers, Clamecy-France. Nouvelle Imprimerie Laballery.
- Norris, Pippa. 2002. Democratic Phoenix Reinvention Political Activism, New York. Cambridge University Press, Almond, Gabriel, and Verba, Sidney. 1963. The Civic Culture Political Attitudes and Democracy in Five Nations. USA. Princeton University Press.
-Mill, John Stuart . 2009.Utilitarianism, The Floating Press.
- Denton, Ginger. 2016. Political Participation in Asia: Typologies of Political Behavior across Democratizing States, Hackensack, USA, World Scientific.
- Berelson, R. and others, 1986. Voting: A Study of Opinion Formation in a Presidential Campaign, Chicago University Press.
- Hyman, H. 1959. Political Socialization: A study in the Psychology of Political Behavior, Illinois. the Free Press Glencoe.
- Denton, L. 2016. Political Participation in Asia: Typologies of Political Behavior across Democratizing States, USA. World Scientific.

ب- توێژینەوەی زانستی لەکۆنفڕانس و میتینگەکان

-Stiers, Dieter.2021. Performance voting, retrospective voting, and economic voting. Conceptual clarity and empirical testing, Paper presented at the 78th Annual Meeting of the MPSA- [Chicago], Available at: https://lirias.kuleuven.be/retrieve/618327, (accessed 3 February 2025).

خ- نامە و تێزەکان

-Ivask, Pille. 2017. THE Effect of Voting Advice Application on Estonian Voters, Voting Behavior. Master's Thesis. University of Tartu-Faculty of Social Sciences.

هـ- توێژینەوەی گۆفارە زانستییەکان

– Nelson, Dale.1979. Ethnicity and Socioeconomic Status as Sources of Participation: The Case for Ethnic Political Culture, Journal of American Political Science Review, Cambridge University Press, Vol.73, No. 4.

– Antunes, Rui. 2010.Theoretical Models of voting behavior, Higher School of Education-Polytechnic Institute of Coimbra, No.4

– Richard, R. and Redlawsk, p. 2001. Advantages and Disadvantages of Cognitive Heuristics in Political Decision Making, American Journal of Political Science, Vol.45, No.4.

– Cicatiello, Lorenzo, and others, 2015, Income Distribution and Political Participation: a multilevel analysis, Empircia Journal of European Economics. vol 42. Available at: https://www.researchgate.net, (accessed 16 February 2025).

– Somers, R. 1995. What's Political or Cultural about Political Culture and the Public Sphere? Toward and Historical Sociology of Concept Formation, Sociological Theory, Vol. 13, NO.2, Published by: American Sociological Association. Available at: htttps://about.jstor.org/terms, (accessed 28 August 2024).

– Antonyan, Tigran. 2009. State-Wide Elections, Optical Scan Voting Systems, and the pursuit of Integrity, IEEE Transactions on Information Forensics and Security (Special Issue on Electronic Voting), Vol4. Issue 4 part 1. Available at: https://voter.engr.uconn.edu/reports-publications/state-wide-elections-optical-scan-voting-systems-and-the-pursuit-of-integrity/,(accessed 14 June 2025)

– Saeed, H. and others. 2022. Iraqi Paradigm E-Voting System Based on Hyperledger Fabric Blockchain Platform, International Information and Engineering Technology Association, Vol 27, No 5, Canada.
- Saeed, Yerevan. Intelligence Briefing: Kurdistan Has Emerged from Its Latest Election More Divided Than Ever, New Lines Institute for Strategy and Policy, Washington- USA, February 2025. Available at: https://newlinesinstitute.org. (Accessed 22 June 2025).

# تحديات مشاركة المواطنين في انتخابات برلمان إقليم كوردستان-العراق

**هاژه كوسرت مجيد**
قسم النظم السياسية و السياسة العامة، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين-أربيل، إقليم كوردستان، العراق
hazha.majeed@su.edu.krd
**بارزان جوهر صادق**
قسم النظم السياسية و السياسة العامة، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين-أربيل، إقليم كوردستان، العراق
barzan.sadeq@su.edu.krd

**الملخص**
تُعدّ مشاركة المواطنين إحدى الروابط المهمة في تطوير المجالات السياسية والاقتصادية والاجتماعية في جميع الدول، كما أنها شرط أساسي لعملية دمقرطة هذه الدول. حالياً، شهد مستوى مشاركة المواطنين في معظم دول العالم، وحتى في الدول الديمقراطية والصناعية، تراجعاً ملحوظاً. وفي إقليم كردستان أيضاً، تواجه مشاركة المواطنين في الانتخابات البرلمانية تحديات متنوعة. لذا، تبرز أهمية هذه الدراسة في سعيها لتحديد أبرز التحديات التي تواجه انخفاض مشاركة المواطنين في انتخابات برلمان كردستان–العراق.ولإيضاح أهمية موضوعنا وتحليل الأجزاء التي استهدفتها الدراسة، قمنا بتحديد عدة أسئلة، منها: ما هي أبرز التحديات التي تعيق مشاركة المواطنين الفعالة والواسعة في انتخابات برلمان كردستان–العراق، وما هي تأثيرات هذه التحديات؟ وما هو تأثير النواقص في سجل الناخبين وصعوبة الوصول إلى مراكز الاقتراع على مشاركة المواطنين في انتخابات برلمان كردستان؟ وما هو الدور الذي يلعبه عدم الثقة بالعملية السياسية والأطراف السياسية في تقليل مشاركة المواطنين في الانتخابات؟للوصول إلى إجابات هذه الأسئلة، اعتمدت الدراسة على "المنهج الوصفي بالإضافة إلى تحليل الأنظمة" لتحقيق فهم أعمق للتحديات المعقدة التي تؤثر على المشاركة.

في ختام الدراسة، قمنا بتحديد النتائج التي توصلنا إليها خلال بحثنا، ومنها:

1–تعد المشاكل الاقتصادية العميقة والاختلالات المتنوعة في الهيكل الاقتصادي، التي تراكمت على مدى عقود عديدة، وخاصة ضعف القطاعات غير النفطية في الإنتاج وتوليد الدخل واستيعاب الأيدي العاملة، من الأسباب الرئيسية التي جعلت اقتصاد الإقليم عرضة باستمرار لتهديد الأزمات والمشاكل الكبيرة، وقد أثر هذا على انخفاض نسبة مشاركة المواطنين في انتخابات برلمان كردستان.

2–يُشكل غياب الوعي بالمبادئ الأساسية للنظام الديمقراطي، ومن ضمنها إجراء الانتخابات الدورية كل أربع سنوات في موعدها المحدد، تحدياً آخر أمام تراجع مشاركة المواطنين في انتخابات برلمان كردستان.

3–لم تتمكن وسائل الإعلام الكردستانية من توفير نوع من المعلومات والمعرفة للمواطنين حول حقوقهم وواجباتهم.

**الكلمات المفتاحية:** المشاركة، الانتخابات، إقليم كوردستان، تحديات المشاركة المواطنين، الاقتصاد الريعي.

**The Challenges of Citizen Participation in the Kurdistan Parliament Elections-Iraq**

**Hazha Kosrat Majeed**
Department of Political Systems and Public Policy, College of Political Science, Salahaddin University-Erbil
Kurdistan Region, Iraq
hazha.majeed@su.edu.krd
**Barzan Jawhar Sadeq**
Department of Political Systems and Public Policy, College of Political Science, Salahaddin University-Erbil
Kurdistan Region, Iraq
barzan.sadeq@su.edu.krd

**Abstract**
Citizen participation is considered one of the crucial linkages for the development of political, economic, and social spheres in all countries, and it is also a fundamental prerequisite for the democratization process in these nations. Currently, the level of citizen participation in most countries worldwide, including democratic and industrialized nations, has declined. In the Kurdistan Region, citizen participation in parliamentary elections faces various challenges. Therefore, the significance of this study lies in its attempt to identify the main challenges contributing to the decrease in citizen participation in the Kurdistan Parliament elections - Iraq.
To clarify the importance of our topic and analyze the sections that the study aimed to address, we have identified several questions, such as: What are the most significant challenges hindering effective and widespread citizen participation in the

Kurdistan Parliament elections - Iraq, and what are the impacts of these challenges? What effect do shortcomings in voter registration and the difficulty of accessing polling stations have on citizen participation in the Kurdistan Parliament elections? What role does a lack of trust in the political process and political parties play in reducing citizen participation in elections? To answer these questions, the study utilized "descriptive methods as well as system analysis" to gain a deeper understanding of the complex challenges affecting participation.
At the conclusion of the study, we identified the findings reached during our research, which include:

1. Deep economic problems and various imbalances in the economic structure, accumulated over several decades, particularly the weakness of non-oil sectors in production, income generation, and labor absorption, are among the main factors that have consistently exposed the region's economy to the threat of major crises and problems. This has contributed to the decline in citizen participation rates in the Kurdistan Parliament elections.
2. The lack of awareness regarding the fundamental principles of the democratic system, including the timely conduct of periodic elections every four years, poses another challenge to the decrease in citizen participation in the Kurdistan Parliament elections.
3. Kurdish media and communication outlets have been unable to provide citizens with adequate information and knowledge regarding their duties and rights.

**Key words:** Participation, Elections, Kurdistan Region, Challenges of Citizen Participation, Rentier Economy**.**